# زانست وەکو غەریبە، مۆدێرنە وەکو کاڵا



هیوا محەمەد

ئەنتاگۆنیزمی زانست و ئاین بە پلەی یەکەم شەڕی نێوان دوو ئایدۆلۆژیایە، ئەگەرچی زانست و تەنانەت فەلسەفەش لە دێرزەمانەوە بەشێك بوون لە ئاین و لە دووتوێی لاهوت و میتافیزیکیادا خوێندراون، هەڵبەتە کاتێك ئەڵێین شەڕی دوو ئایدۆلۆژیا ئەمە مانای ئەوە نییە زانست دۆگمی هەبێت، گرنگی زانست هەر خۆی لەوەدایە هەمیشە لە بەردەم ئەگەری نوێ و دۆزینەوەی نوێ یان هەقیقەتی نوێدایە، کە تەواو جیاوازە لە ڕابردووەکەی، بە مانایەکی تر ئەوەی ئەمڕۆ لە زانستدا هەقیقەتە دەشێت سبەینێ هەڵە و ناڕاست بێت، هەر لەبەر ئەوەشە (مێژووی زانست) بە دیاریکراوی بەشێك نییە لە زانست خۆی. **هەڵبەتە کاتێك زانست وەك ئۆبێکت وەردەگرین، ئەوا ناتوانێت ئایدۆلۆژیا بێت، چونکە ئایدۆلۆژیا زیاتر دۆخێکی سوبێکتیڤیانەی هەیە، نەك ئۆبێکتیڤ، بەڵام کاتێك زانست ئەبێت بە (باوەڕی زانستی) ئەوا بە سروشتی خۆی سوبێکتیڤانە ئەکەوێتەوە، کە نەك هەر تەنها ئایدۆلۆژیا، بەڵکو مۆرکێکی فیکریشی پێدەدرێت.**

کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان (کوردستانیش لە نێویدا) جگە لەوەی زۆربەیان لە سەتحدا دەسەڵاتێکی ستەمکاری فاسد حوکمیان ئەکات، بەڵام لە نادیاردا دەسەڵاتێکی ڕەمزی کولتووری ـ ئاینییش حوکمیان ئەکات، ئەم دەسەڵاتە کەمتر نییە لە دەسەڵاتە ستەمکارەکە و بە پێشەوای هەندێك بانگخواز و منەوەری دینی وەك دەلاڵی نێو سیستمەکە پێکەوە ئاو بە ئاشی چینایەتیدا ئەکەن و تان و پۆی سیستمەکە و ستەمکارییەکانی لێرە دەچنن، بە زمانی (فرانسوا لیۆتار) هەر ئەم دەسەڵاتە کولتوورییە ڕەمزییەیە: سنوورەکانمان بۆ دەکێشێت و لەسەرمان فەرزی ئەکات چۆن بیر بکەینەوە و چۆن بنووسین و بە چ سیستمێکی چەمکی بوون و دیاردەکانی دەوروبەرمان بخوێنینەوە، چونکە لە نێو مەنزومەی (گوتاری مانەوە)دایە و دۆگم و موقەدەساتەکانیشی وا دەخوازێت.

هەڵبەتە ئەو ڕەخنەیەی ڕووبەڕووی زانستەکان ئەکرێتەوە وەك جۆرێك لە ناعەقلانیەت لە نێو عەقلانیەتدا، گەر بە چاوێکی مارکسییانە لە بابەتەکە بڕوانین، سەرەتا پێمانوایە بۆ ئەوەی زانست ئامانجێکی ئینسانی و مانایەکی گەردوونی هەبێت، پێویستە پێشکەوتنە زانستییەکان گرێدراوی مەسەلەی چینایەتی بێت، واتە بۆ نموونە ئەولەوییەت نەهێشتی چینایەتی و چەوسانەوە بێت ئەوجا هەوڵ بدرێت گەردوون و هەسارەکانی تر بکرێتە گێڵگە و داگیرگەی مرۆڤ و بوجەی زەبەلاحی بۆ تەرخان بکرێت، بە مانایەکی تر نەك لە ئاسیا و ئەفریقیا ڕۆژانە بیست هەزار منداڵ بە هۆی ووشکەساڵی و گۆڕانی ژینگەوە لە برسانا بمرن، بەڵام ئێمە هێشتا کێشەمان ئەوە بێت، ئایا لە مەریخ ژیان هەیە یان نا یان ڕابردووی گەردوون چەند ملیار ساڵە و تخوب و

سنورەکانی چەند فراوانە و تا کوێ درێژ ئەبیتەوە، دیارە ڕەخنەکان دژ بە زانست و عەقڵانیەت یەکەم جار هەر لە (ڕۆژئاوا) خۆیەوە لە بیریارە چەپەکان و دواتریش پۆستمۆدێرنەکانەوە دەسپێکرد.

بە تایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە مارکۆزە و هۆرکهایمەر لە کتێبی ( دیالێکتی ڕۆشنگەری)دا جەغدیان لەوە کردەوە کە هەمیشە ناعەقڵانیەت بەهەمان بڕی پیشکەوتنی عەقڵ بەشێك بووە لە ستراکتۆر و جەوهەری عەقڵانیەت خۆی، **ئەوان ڕەخنەکانیان بە ڕەخنە لە عەقڵانییەتی ئامرازی ــ کەرەستەیی دەسپێکرد، کە لە پێناوی مەبەستی تایبەتی و کۆنترۆڵی بازاڕ و کۆکردنەوی ساماندا لە لایەن سیستمەکانەوە بەکار دەهێنرێت**[1]**،** عەقڵانیەتێك، کە دیسپلین و تۆتالیتارییەتی لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا دروست کردووە و (کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ)ی سەر ڕێگا خستووە لە ڕۆژئاوا. پێمانوایە مارکس یەکەم کەس بووە کە نەقدی سەرمایەداری ــ مۆدێرنەی کردبێت، ئەو لە سیاقێکدا پێیوایە گەر سەرمایەداری ئاوا بڕواتەوە پێشەوە، ئەوا دوا ووزەی نێو سروشت دەرئەهێنێت، تاوەکو چەکی پێ دروست بکات وماڵوێرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لێرەوە نێگری و هارت لە کتێبی (ئیمپراتۆریەت)دا مۆدێرنەی ئەوروپی لە سەرمایەداری جیا ناکەنەوە.

گەرچی وەك دەگوترێت مۆدێرنە لە ڕێگەی جیهانگیری و بە جیهانیبوونی سەرمایەوە سەری بە هەموو قوژبنێکدا کردووە، بە ووتەی (ئەنتۆنی گیدنز) دواجار لە جڵەوی ڕۆژئاواش دوور کەوتۆتەوە، کەچی لە هەمان کاتدا تارمایی خۆرئاوا بەسەر خەسڵەتەکانی مۆدێرنەوە دیارە[2]. ئەوەش ڕوونە لەبەرئەوەی سیستمی سەرمایەداری خۆی لە جەوهەردا سیستمێکە دەمێکە بە هۆی سوڕی سەرمایەوە جیهانی بۆتەوە. لێرەوە کاتێك باسی مۆدێرنە دەکەین کۆمەڵێك چەمکی تری وەك (زانست، پێشکەوتن، هیومانیزم، بە جیهانبیوون، کالاّ و مەسرەفگەری، سیکۆلاریزم، تەکنەلۆژیا ..هتد) بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت.

بۆیە ئەمڕۆ، کە زانست لە دەسی سیستمی سەرمایەداری جیهانیدایە، وەك پێشتر ئاماژەماندا ئەولەویەت نەك نەهێشتنی چینایەتی نییە، بەڵکو باکیشی بەوە نییە ژینگە و سروشت و چارەنووسی هەسارەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات، لێرەوە بوو (ماکس ڤیبەر) پێشتر ئاگاداری کردینەوە، کە زانست هەر بە جەوهەری خۆی کاری لە

[1] خوێنەر لەسەر ڕاکانی ئەدۆرنۆ و هورکهایمەر ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی: ئارکۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان، هاشمساڵح، و: شوان ئەحمەددا،چ2،سلێمانی،2008،ل.ل35-68.

[2] بڕوانە : مۆدێرنە لە چەند تەوەرەیەکدا، وەلید عومەر، چەپ و مۆدێرنە، کتێبی چوارەم، سلێمانی،2019، ل.ل 26،66.

ئەفسون داماڵینی جیهان کردووە، ئەوەتا ئەمڕۆ ئێمە بە قەتیسبوونی پلەی گەرمی و پیسبوونی ژینگە و بە بیابانبوون و لافاوی زۆر و دابارینی ناسروشتی لە زۆر شوێنی جیهاندا مێسجەکانی وەردەگرینەوە.

**هەڵبەتە گەڕان و سێرچی زانستی بەردەوام بۆ مەبەستە ئینسانییەکان پێویستە، بە مەرجێك زانستەکان لە دەسێکی ئەمینتردا بووایە، واتە لە دەسەڵاتێکی کۆمۆن و ئیشتراکیدا، کە ئەولەویەتی ژینگەی هەسارەکەمان و نەهێشتنی چینایەتی بوایە، بۆ نموونە بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی، نەك بەخاتری بەرزکردنەوی سەقفی ئاڵوگۆڕی کاڵاکان یان لە پێناوی بەرزکردنەوەی بەهای ئاڵوگۆڕ بەسەر بەهای بەکارهێناندا بێت، ئەو کات ڕەنگبوو تێکچوونی ژینگەی زەوی لە ئاستێکی نزمتردا بووایە.**

دەرئەنجام کاتێك مۆدێرنە پولی پێچەوانەی سەرمایەداری نییە، ئەوا هەمیشە مۆدێرنە ــ زانست ڕوویەکی تری تاریك و شەڕانگێزی هەبووە، واتە تەنها خوشگوزەرانی نەهێناوە، بەڵکو نەهاتی و ئافات و کارەساتەکانیشی بۆ مرۆڤ هێناوە، ئەوەش زۆر بە سادەیی پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کەپیتالیزم بێ جەنگ ناژی، لێرەدا ئەوەمان یاد ئەهێنێتەوە، کە میشێل فۆکۆ لە سیاقێکدا پێیوایە: **ئەوە سیاسەت نییە، کە درێژە بە جەنگەکان ئەدات، بەڵکو ئەوە جەنگە درێژە بە سیاسەت ئەدات. ئەوەتا تا ئەمڕۆژانەش ئێمە لە نێو جەنگە تێکشکێنەرو کارەساتبارەکانی سەرمایەداری جیهانیدا ئەژین.**

هەر ئەمەش بوو وای لە (هابرماس) کردبوو، کە مۆدێرنە وەك پرۆژەیەکی تەواو نەکراوی نێو خۆی ببینێت، واتە ئەوەی ناو دەبرێت بە پۆستمۆدێرنە وەك پرۆژەیەك ببینێت، کە بە ڕەخنەکانی لەناوەوەڕا جەوهەری خۆی کامل و بەرکەماڵ ئەکات. هەروەها بیرياری پۆستمۆدێرن (سلۆتەردایك) لە سیاقێکدا پێیوابوو مۆدێرنە سەرەڕای جەنگ وماڵوێرانییەکانی، هیچ نییە جگە لە ماڵیکردنی مرۆڤ نەبێت لە فۆرمی دەسەڵات (سەرمایەداری) و مەسخکردنەوەی ئازادییەکانیدا.

هەڵبەتە بۆ ئەوەی لە دیوە تاریکەکەی مۆدێرنە زیاتر تێبگەین (زیگمۆند باومان) کۆمەکمان ئەکات، ئەو لە کتێبی (هۆلۆکۆست و مۆدێرنە)دا دەنووسێت: هۆڵۆکۆست دیاردەیەکی مۆدێرنەیە و دەتوانین وەك ئەگەرێك هەر لە نێو ڕەوتە کولتووری و دەسکەوتە تەکنەلۆژییەکاندا لێی تێبگەین[1]، واتە لای باومان توندوتیژی جەنگەکان

[1] بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ: Buman.Z.Modernity and the Holocaust,Oxford,polity,1989

بەشێك نین لە ناعەقڵانییەت، بەڵکو بەو پەڕی لێزانی و کارامەیی و ئاگایی و عەقڵانییەتەوە سەر ڕێگای خۆیان خراون.

هەروەها فۆکۆ لە کتێبی (کۆنترۆڵ و سزا)دا لە تەك چەمکی بایۆ سیاسەتدا وەك دژبەرییەك باس لە (ساناتۆ سیاسەت) ئەکات، ساناتۆ سیاسەت: هەموو ئەو شتانە ئەگریتەوە، کە دەسەڵات ــ دەوڵەت وەك ڕێگر و کۆسپی بەردەم بایۆ سیاسەت ئەیبینێت، بۆیە دەوڵەت هەموو ڕێگەیەك ئەگرێتەبەر بۆ لە نێوبردنیان، گەر بیشزانین بایۆ سیاسەت، سیاسەتێکە لەسەر وجودی ژیان و ئینسان وەك بوونەوەرێکی بایۆلۆژی کار دەکات، ئامار و ژمێرە و مەعریفە و پزیشکی و ئابووری دانیشتوان و ڕێژەی مردن، ئەو ئامرازانەن، کە دەسەڵات بنەمای بایۆ سیاسەتی لەسەر دادەڕێژێت[1].

لێرەوە فۆکۆ پێیوایە ناکرێت بێ بوونی مۆدێرنە وەك ئەپاراتۆس ــ دام و دەزگای دەوڵەتی باس لە جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان بکەین، هۆلۆکۆست و ئەنفالیش نموونە کراوەکانی جنیۆسادی دەوڵەتین بە نوێترین ئامێرەکانی سەردەم لە ڕابردوودا. هەر ئەمەش بوو وای لە لیۆتار کردبوو پێیوابێت مێژوو بەو جۆری ڕۆشنگەری بیری لێدەکاتەوە کۆتایی هاتووە، کە گوایە لە سایەی سەرمایەدریدا بەرەو پێشەو ئەڕوات وەك جۆرێك لە وەهمی پێشکەوتنی مرۆیی.

لێرەوە زۆر جار کە باسی مرۆڤی (فاوست)ی ئەکرێت، لەگەڵیدا باسی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی دەکرێت، (ئۆسواڵد شپینگلەر) یەکەم کەس بوو باسی لە مرۆڤی فاوستی کردبێت، وەك لە کتێبی (ئیمان و جەنگاوەران)دا هاتووە چیرۆکی دکتۆر فاوست یەکێکە لەو حیکایەتانەی کە لە سەدەی پازدەدا بەربڵاو بووە: بەگوێرەی چیرۆکەکە فاوست زانایەك بووە لەگەڵ ئەهریمەندا پەیمانێکی بەخوێن نووسراو دەبەستێت، بە گوێرەی پەیمانەکە ڕۆحی خۆی بە ئەهریمەن دەبەخشێت بە مەرجێك ئەویش بۆ ماوەی 24 ساڵ تەواوی ئارەزووەکانی تێر بکات و کلیلی جادووەکانی پێ بسپێرێت[2]، لای گۆتەی شاعیریش مرۆڤی فاوست مرۆڤێکە بە دوای هێز و بەرکەماڵبوونەوەیە، بەڵام لەڕێگەی جادووەوە[3]، فاوست لەگەڵ فرانکشتاین (پرۆمیسۆسی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فۆکۆ بگەڕێوە بۆ کتێبی : مەریوان وریا قانیع، دەسەڵات و جیاوازی،ئەندێشە،چ3،سلێمانی، 2013،ل.ل 306-308

[2] بەختیار عەلی ، ئیمان و جەنگاوەرانی، چ1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ، 2004، ل.ل86-87

[3] بڕوانە: https://www.mandaeanunion.org/ar/arts/arts/item/1966-فاوست-نموذج-الإنسان-الساعي-الى-القوة-اوالكمال-عزيز-عربي-ساجت-aziz-sajet-فنون.

مۆدێرن)ی ماری شیلیدا وەك ڕەمزی ئەو ویستە ترسناکە بۆ زانست بەکاردەهێنرێن، کە چ خۆی و چ دونیای دەوروبەریشی وێران دەکات، فاوست و فرانکشتاین دوو کەسن لە  پێناوی زانستدا دەسبەرداری ئەخلاق دەبن[1]. لێرەوە **بەکارهێنانی زانست لە پێناوی چەك و چۆڵ و و بۆمبە کۆکوژییەکان لە سیستمی سەرمایەداریدا خاڵیبونەوەی زانست و مۆدێرنەیە لە هەر مۆراڵ و مۆرك و پێدراوێکی ئەخلاقی، کە زانست بە خاتری مرۆڤایەتی بە ئامانجی گرتبێت.**

هەروەها باجێکی تری پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا پاشەکشێی زیاتری ئازادی فۆرماڵی ڕۆژئاوایی بوو بە قازانجی زیاتری سیستم و دەسەڵات خۆی لە ڕۆژئاوادا، ئەوەی پێیدەگوترێت کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ لە دوای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە سەری هەڵدا، پێشتر مارکۆزە لە کتێبی (مرۆڤی تاکڕەهەند)دا ئاگادارمان ئەکاتەوە، کە پێشکەوتنی تەکنیك و تەکنەلۆژیا وەك دەسهاوردەی عەقلانییەت و زانست، دەسەڵات و هەژموونی سیستمەکان لەسەر کۆمەڵگە زیاد دەکات، هەر وەکو دیالێکتی کۆیلە بۆ ئاغاکەی (هیگڵ) یان خزمەتکار بۆ لۆردی جاران لە قۆناغی فیوداڵیدا[2] تۆتالیتاریزم دەخولقێنێت، دواتریش هابرماس بە گەڕانەوە بۆ مارکۆزە پێیوایە زانستێك نییە بێلایەن بێت و هەردوو کایەی تەکنەلۆژیا و زانست بە خاتری زیادکردنی هەژموون و کۆنترۆڵکردن دەخرێنە کار.

بەختیارعەلی لە کتێبی (دەستەسڕەکەی ئۆتیلۆ)دا دەنووسێت: هەوڵی خۆرئاوا بۆ بینینی تاریکییەکانی نێو ناخی خۆی یەکێکە لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم کولتوورە[3]، بەڵام ئێمە پێمانوایە **هەتاوەکو سەرمایەداری حوکم بکات و خاوەندارێیەتی زانست و مۆدێرنە بکات، نەهامەتی و کەیاس و تاریکی بەردەوم بەسەر سەرمانەوە ئەبێت و چارەنووسی مرۆڤایەتی و سروشتی هەسارەکەشمان بەرەو هەڵدێرو داڕمان دەڕوات.** هەڵبەتە ئەوەش ڕاستە ڕۆژئاوا بە هۆی کولتووری ڕەخنە لە خۆگرتنەوە هەندێك بەها و بڕێك (مافی ڕێژەیی) ئینسانی لە بیمەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکار ــ موزەفی دەوڵەتی هێناوەتەدی، بەڵام ئەم دەسکەوتە کەمانە بە خەباتی کرێکاران لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا بەدەسهاتووە، نەك بە ئیرادە و بە خێرومەکرەمەی سەرمایەداری

[1] بەختیار عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل.87
[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ بڕوانە: هربێرت مارکۆزە، مرۆڤی تاکڕەهەند، و: ناجی ئەفراسیاو، کارزان عەزیز،سلێمانی ، 2020،ل273.
[3] بەختیار عەلی، دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ،ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2022،ل42.

خۆی، هەر ئەوەشە وای لە (سلاڤۆی ژیژەك) کردووە دوور لە ئەوروپاسەنتەری لە چاوپێکەوتنێکدا بڵێت: **تەسەوری دونیایەك بکەن، بێ بوونی ڕۆژئاوا، ئەبێت چی لێ بمێنێتەوە!**

هەڵبەتە مۆدێرنە تەنها لە ڕۆژئاوا دیوە تاریکەکەی خۆی ئەزموون نەکردووە، بەڵکو دەوڵەتە پۆست کۆڵۆنیاڵەکانی وەکو تورکیا و ئێران و وولاتە عەرەبیەکان: بۆ نموونە دەوڵەتی فاشیزمی تورکی چەندین جینۆسایدی دەرهەق بە کورد لە سەرەتای سەدەی بیستدا ئەنجامدا داوە، هەر لە بە کارهێنانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژییەکانی ئامەد تا کۆمەڵکوژییەکانی ئارارات و دێرسیم، بە نوێترین چەك و مەشینی جەنگی، هەروەها دەوڵەتی عێراق بە هەمان شێوە جینۆسادی ئەنفال و هەڵەبجەی بەجێ گەیاند، لەم کۆمەڵکوژیانەدا تا ڕادەیەك باش سود لە دەسکەتەوتەکانی مۆدێرنە وەرگیرابوو.

دیارە بەرباسختنەوەی ئەم سکاندالە ئەخلاقیانە بە پشگیری زانست و مۆدێرنە بۆ ئەوە نییە زانست ڕەتکەینەوە یان دژی بین، بمانەوێت یان نا تازە مۆدێرنە لە هەموو جیهاندا بۆتە کالا و وەك تەکنەلۆژیاش بۆتە ڕۆحی سەردەمەکە و جیهانیش بۆتەوە. بەڵکو نیشاندانی ئەوەیە، کە **مۆدێرنە خۆی لە ئاستە فکری و زانستییەکاندا ڕەخنەی لەم دیوە ناعەقلانییەی خۆی گرتووە،** بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئەم دیوە نەگریس و تاریکەی مۆدێرنە هەر بەردەوامە و درێژ ئەبێتەوە، وەك گوتمان بوون و بالادەستی سەرمایەداری جیهانییە لێرەدا، بۆیە پێویست ناکات عەقڵە سەلەفییەکان، کە خۆشیان نائاگایانە لە تێمادا بەشێکن لەو سیستمە چەپەڵەی نێو سەرمایەداری ئەم سکاندالانەمان بیر بخەنەوە.

دیارە پێشکەوتنی زانستەکان بە دەرئەنجامە ئینسانی و نێگەتیڤ ـ تاریکەکانیەوە کردەیەکی هەروا ئاسان و لە خۆرا نەبوو، بەڵکو هەر لە سەدەی پازدە و سەردەمی ڕێنیسانسەوە ئەوروپیەکان باجی گەورەی ئینسانییان بۆ داوە، بەو ئومێدەی پێشکەوتنی زانست لە خزمەت و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی مرۆڤدا بەگەڕ بخرێت، بە تایبەتی پێشکەوتنی زانستە سروشتییەکان: فیزیا و گەردوونزانی چەندین قوربانی لە پێناودا دراوە و زاناکانی ئەو بوارە گیانیان لەو پێناوەدا بەخت کردووە، ڕەنگە دیارترینیان (جۆردانۆ برۆنۆ) بێت، کە لە پێناوی ئایدیا و تێزەکانی لە بارەی گەردوونەوە هەر بە زیندووی لە ڕۆما لەلایەن کڵێساوە دەسوتێنرێت.

هەر وەك چۆن لێرە و ئێستا لە ڕۆژهەڵات و کوردستان شەپۆلێکی سونەتی سەلەفی کۆنزێرڤاتیزم دژ بە زانست و پێشکەوتن و عەقلانیەتە، ئەو دەمانەش کلێسا و کۆمەڵێك قەشە و حاخامی ئارسۆزۆکس دژ بەو ڕەوتە عەقلانییە بوون، بۆ نموونە مارتن لۆسەر (ئەگەر چی ڕۆڵی سەرەکی ئەگێڕێت لە ڕیفۆرمی ئاینی مەسیحی و دامەزرێنەری ئاینزای پرۆتستانت)ــە بەڵام فەلسەفە و لۆژیکی بە دووژمنی ئاین داناوە، پێیوابوو بەرهەمی شەیتانن. سەردەمانێك کە ئیمان لە پێش عەقڵەوە بوو لە ئەوروپا تۆماس ئەکوینی بە ئاشکرا دەیگوت: ئیمان بهێنن تاوەکو عاقڵ و ژیر بن![1] پێشتریش ململانێیەکی فیکری فەلسەفی ــ زانستی لە نێوان ابن رشد و غەزالیدا لە سەدەی دوازدەی. ز ـ پێنجی. هــ. هەبووە. بۆیە بەریەککەوتنی زانست و فەلسەفە لەگەڵ ئاین و تەفسیرە دینییەکان بابەتێکی تازە نیە لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو مێژوویەکی دێرینی هەیە.

**هەڵبەتە ئێمە ئەوەش ئەزانین، کە ئیمان جۆرێك لە مەعریفە و بەرخوردە زیاتر سروشتێکی سوبێکتی هەیە، ئەمە لەکاتێکدا زانست جۆرێك لە مەعریفە و ئەزموون سەر ڕێگا ئەخات، کە زیاتر ئوبێکتڤە و دوورە لە ڕای شەخسی و سوبێکتەوە، لەبەرئەوە لە زۆر دۆخدا بۆ زانست گرنگ نییە دەسکەوت و دۆزینەوەکانی لەگەڵ ئەم ئاین یان ئەو ئایندا کۆکە یان جیاوازە، بەڵکو دەرئەنجامی تاقیکردنەوە ئەزموونی و دەسکەوتنەکانی ئەولەوییەتە لای.** ئەگەرچی فیکر و زانستە ئینسانییەکان زۆر جار بە سروشتی خۆی سوبێکتیڤیتانە ئەکەویتەوە، **بە تایبەتی لە بارێکدا گەر بێت و تێیدا واقیع لەبەرچاو نەگرێت؛ وەك واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی.** مەسعود محەمەد لە کتێبی (مرۆڤ و دەرووبەر)دا ئەڵێت: مومکین نییە مرۆڤ لە هیچ حاڵێکدا لە قەپێڵکی زاتیەت[2] دەرچێت[3]، ئەمەش ڕێك ئەو دۆخەیە کاتێك فیکر و فەلسەفە ڕەهەندێکی میتافیزیکیانە وەرئەگرێت و لە بابەتیبوون ــ واقعیبوون دوور ئەکەوێتەوە.

ئێستا لەوە تێگەیشتین هەمیشە مۆدێرنە ـ زانست و تەکنەلۆژیا تەنها شارستانییەت و ئیرۆس بە دیدە فرۆیدییەکە ناهێنیت، بەڵام پرسەکە ئەوەیە کورد وەك بەشێکی گەلە ڕۆژهەڵاتییەکان تا چەند بەر مۆدێرنە و زانست کەوتووە؟ کاتێك مۆدێرنە وەك کاڵا و وەك فۆرمی دام و دەزگایی لێرە ئامادەیە سەروکارمان لەگەڵیدا چۆن بووە یان چۆن بەرخورد و مەمەڵەمان لەگەڵ کردووە؟ ئایا سود و زیانەکانی تەکنەلۆژیا و فەزای مەجاز

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تێڕوانینەکانی لۆسەرو ئەکویناس بڕواتە کتێبی: بنەڕەتەکانی فەلسەفە، حەمید عەزیز،ئەندێشە،چ2، سلێمانی، 2009،ل.ل39-40

[2] کاتی خۆی لە بری سوبێکت و ئوبێکت (زات و مەوزوع )بە عەرەبی یان عەین و زەین بەکار هاتووە.

[3] مەسعود محمەد، مرۆڤ و دەورووبەر،هەولێر، 2016،ل61.

بۆ ئێمە چی بوون و چی نەبوون؟ ئایا پێویستە بە دنەدانی (گوتاری مانەوە) هەموو دەسکەوت و دەسهاوردەکانی مۆدێرنە ــ زانست ڕەت بکەینەوە لەبەرئەوەی نامۆیە بە کولتوور و ئاین یان بیدعەیە بە دیدە سەلەفییەکان؟ هەر لە سەلەفیەتی دینی تا دەگاتە سەلەفییەتی زانستی و ئەکادیمی، هەڵبەتە سەلەفییەت تەنها سەلەفییەتی تەفسیر و ئاین نیە، بەڵکو سەلەفیەتی زانستی و کولتوور و نەریتیش ئەگرێتەوە. هەڵبەتە بە دیاریکراوی لێرە ڕەتکردنەوەی تیۆرو دۆزینەوە زانستییە فیزیکییەکانمان مەبەستە.

ئەم پرسیارانە پێویستی بە وەڵامی جدی و تێکستی دوورودرێژە، ئێمە ڕەنگە ئێمە لێرەدا بتوانین وەڵامی هەندێکیان بوروژێنین. دیارە **ساتی بەرکەوتن بە مۆدێرنەی خۆرئاوایی ڕێك ئەو ساتە سایکۆلۆژییەشە، کە (جۆرج تەرابیشی) لە سیاقێکدا ناوی دەنێت (برینی سایکۆلۆژی) پاش بەریەککەوتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، خۆرهەڵات دووچاری برینێکی نێرسیستی ئەبێت، کە ئیدی زەحمەتە بتوانێت دەرەوەی خۆی وەك ژیارێکی پێشکەوتووتر قبوڵ بکات.**

لە کتێبی (ئایدۆلۆژیست) دا هاتووە: کە گوتاری مانەوە تەنها دیاردەیەکی کوردی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی خۆرهەڵاتیشە، ترس لە لەناوچوون و بێ بنەمابوون و لە دەسدانی شوناش لە هەموو شوێنێکە، هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و دینی نیە لە خۆرهەڵات لەگەڵ هاتنی مۆدێرنە و پەلاماری خۆرئاوادا هەست بە ترسی لەنێوچوون نەکات و جۆرێك لە جۆرەکانی گوتاری مانەوە لە نێو خۆیدا گەشە پی نەدات[1].بە کورتی بەختیار عەلی لەم کتێبەدا پێیوایە لە دوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی و نەمانی چەتری پیرۆزی خەلافەتەوە تاکی ڕۆژهەڵاتی لەبەرئەوەی نەیتوانی بە زانست ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا و کۆڵۆنیالیزم بێتەوە پێویستی بە (ئەوێکی تری گەورە) یان شوناسێکی تر هەبوو، تاوەکو ڕووبەڕووی تەحەداو ئاڵنگارییەکانی ڕۆژئاوا بێتەوە، ئەو شوناسەش لە زۆر دۆخدا لە ناسۆنالیزمدا فۆرمۆلە بوو، کە لەژێر چەتری دەسەڵاتە بە نێو عەلمانی یان ئاینییەکاندا لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا خۆی بینییەوە... لێرەوە بە دیدی ئەو پاش نەمانی خەلافەت تاکی ڕۆژهەڵاتی بە دیدە دەروونشیکارییەکە ژویسانسی ئاینی خۆی بە شوناسە سیاسی ــ ناسیۆنالیستیەکە تێراو ئەکات، ئەمەش وادەکات لە دواجاردا خۆرهەڵات بە جۆرێکی ترسناك بەرەو فاشیزمێکی ناکۆتای خۆبەرهەمهێن ڕابکێشێت.

---

[1] بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست،ناوەندی رەهەند، سلێمانی، 2019،ل77.

هەڵبەتە کێشەی لەدەسدانی شوناس تاکە هۆکار نییە، کە خۆرهەڵات دەسهاوردە شارستانی و زانستیەکانی ڕۆژئاوا قبوڵ ناکات و تەحەدایان ئەکات، بەڵکو کێشە ستراکچە ــ بوونیادییەکان زۆر لەوە ڕیشەدارتر و دێرینترە، بۆ **نموونە هەر لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگەی ئیسلامی فەیلەسوف و زانا داهێنەرە هاوزمانەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی قبوڵ نەبووە، لە زۆر دۆخیشدا ژیانیان دووچاری هەڕەشە لێکردن و تەنانەت مردنیش بۆتەوە.**

لە دێرزەمانەوە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی کێشەی ژیانی دوای مردنی بووە، نەك ژیانی ئێرە و ئەم دونیایە، مادام زانست و پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاواش گەشەی ناوەکی و زەمەنی نێوخۆی نەبووە، تەنانەت لە ئێستاشدا نەیتوانیوە پێداویستی و کەلێنە ڕۆحییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە (فرانسیس بیکۆن) لە سیاقێکدا پێیوایە زانستی نوێ بۆ ڕۆژئاوا شوێنی ئاینی بۆ مرۆڤی ئەوروپی گرتۆتەوە! بەڵام مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی پێچەوانەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی زۆربەی هەوڵ و تەقەلاکانی زیاتر بۆ ئەوە بووە خواوەندەکان لە خۆی ڕازی بکات، هەر بۆیە گەر گرنگیشی بە زانست دابێت لە زۆر دۆخدا ڕێژەیی و سنوردار بووە و زیاتر وەك گوتمان لەدوو توێی ئاین و لاهوتدا بووە.

هەروەها گەر لە کۆمەڵگە دێرینەکان ڕابمێنین دەبینین زیاتر ئاین و خورافات تێیاندا برەوی هەبووە نەك زانست، ڕەنگە شارستانیەتی میسریە دێرینەکان پنتە نەگیراوەکەی نێو مێژووی کۆنی ڕۆژهەلات بێت، ئەگەرچی زۆر زیاتر لە کۆمەڵگەکانی تر ئاین تێیدا برەوی هەبووە، کەچی بارتەقای ئەوەش لە ڕووی زانستییەوە بەرەو پیش چوون، مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدوت) لە گەشتەکەیدا بۆ میسر باسی ئەوە دەکات، کە هیچ میلەتێك هێندەی مسیرییە کۆنەکان پەیڕەوییان لە ئاین نەکردووە. هەڵبەتە دەتوانین لە ئێستادا میسرییە کۆنەکان بەراوورد بکەین بە هیندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دووردا، چونکە ئەوانیش سەرەڕای ئەوەی ئاین و خورافات تێیاندا باو و بڵاوە، بەڵام لە زۆر لایەنی زانستی و تەکنەلۆژی و پزیشکیدا لە پێشەوەن.

**زۆر بە سادەیی هۆکارەکەش ئەوە بووە هەم میسرییە کۆنەکان و هەم هیندییەکان سەرەڕای بوونی دۆگمە دینییەکانیان، بەڵام ئەم دۆگمانە دژ بە پێشکەوتنی زانستەکان نەبووە و لە زۆر دۆخدا زانست سەکۆیەکی ئازادی هەبووە، گەرچی لە چێوەی لاهوتدا بووبێتن. لە میسری کۆندا گروپێك لە پیاوانی زانستخواز پاش دەیان سەدە لە ئەزموون و هەوڵدان بەو پلە بەرزە لە زانست و ئەندازیاری گەیشتبوون لە سیاقە مێژوویەکەی خۆیاندا. بەڵام لە ئاینە ئیبراهیمییەکاندا ئەم ئازادییە بۆ پەرەپێدانی زانست نیە و لە زۆر دۆخیشدا تێکستە**

**پیرۆزەکان بەریەککەوتن و ململانێی لەگەڵ زانستی نوێدا هەیە، کەچی ئاینە کۆنەکانی هیندستان بە ئێستایشەوە بەریەککەوتنیکی ئەوتۆیان لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و مۆدێرنیزاسیۆندا نیە، بۆیە گەشەی زانست و تەکنەلۆژیا لە هیندستان بە بەراوورد لەگەڵ وولاتە عەرەبیەکان لە ئاستێکی بەرزتردایە.**

لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا لە دوای یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکانەوە موعتەزلەکان یەکەمین کەسانێك بوون، کە بۆ تێگەیشتن لە ئاین و تێکستە پیرۆزەکان عەقڵ دەکەن بنەما، نەك ئیمان ( ابن سیناو، الرازی، ابن رشد، فارابی، ابن مقفع و زۆری تریش بە فیکر موعتەزل بوون) ئەمانە پێیانوابوو کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام واتە نەمانی پەیوەندی( وەحی) نیوان زەوی و ئاسمان، بۆیە چیتر پێویست ناکات ملکەچی کۆمەڵێك تەفسیر و کۆمەڵێك دەقی نێو تێکستە دینییەکان بین، بە دیدی ئەوان دەقەکان خۆیان لە بنەمادا بێ دەنگ و متن، لێرەوە دەبێت بە عەقڵ و تەئویل و لێکدانەوەیان بۆ بکەین، ئیمامی عەلی قسەیەکی لەم بارەیەوە هەبوو، کە دەیگوت: قورئان لە خۆرا قسە ناکات، بەڵکو دەبێت قسەی پێ بکرێت!

(مالك شبل) پێیوایە موعتەزلەکان یەکەمین گروپی دەسەبژێری ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەکانی ناو ئیسلام بوون، چونکە یەکەمین کەسانێك بوون دژ بە فوقەها دۆگما و سەلەفییەکان هاتنە دەنگ. شبل پێیوایە موعتەزلەکان لە کاتی خۆیدا خەڵك بە باشی نەیناسیون، چونکە هەر زوو لە لایەن فوقەها گەوج و سەلەفییە دۆگما و کۆنەپارێزەکانەوە بەرپەرچ دراونەتەوە و هەروەها لە لایەن قەدەرییەکان و ئەشعەرییەکان و زۆربەی ڕەوتە سونەتییە تەقلیدییەکانی ترەوە دژایەتی کراون و ناوبانگ و شکۆیان شێوێنراوە. ئەوان پێیانوابوو ئازادی فیکری لە ئیسلامدا سنورێکی بەرتەسك و مەرجداری هەیە و مسۆگەر و ڕێپێدراو نیە، ئەوە بوو داهاتووی موعتەزلەکان خۆیان و کۆمەلگەی ئیسلامیش ڕاستی قسەکانی ئەوانی سەلماند[1].

لێرەوە کاتێك لەو مێژووە ڕادەمێنین دەبینین هەمیشە هێزە کۆنزێرڤاتیزمە تەقلیدییەکان ــ ئەهلی نقڵ بە پشگیری دەسەڵاتە فاسدەکە بەسەر ئەهلی عەقڵدا سەرکەوتوو بوون، چونکە زۆر جار بە بەرنامە و بە پشگیری دەسەڵات جەهل ئاراستە کراوە و زۆرینەی خەڵك جاهیل کراون ــ میدیا نموونە کراوەکەیە لەمڕۆدا، تاوەکو خەڵکەکە

[1] تێڕوانینەکانی مالك شبل وەرگیراوە لە کتێبی : هاشم ساڵح،تەنگەژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی، و:شوان ئەحمەد،ئاوێنە، سلێمانی،2007،ل.80-81.

دەرهەق بە سیستم و دەسەڵاتە فاسدەکان هوشیار نەبنەوە، وەك ئەبینین دواجار موعتەزلەکان دووچاری قەتڵ و عام دەبنەوەو سەروماڵیان تیادەچیت[1].

ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی عەباسییەکاندا ڕێنیسانسی تایبەتی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە سەردەمی (هارونە ڕەشید)ـەوە خانەی حیکمەت لە بەغداد کرایەوە بۆ وەرگێڕانی توراسی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، بەڵام بیریاران و زانایانی ئەو قۆناغە لە بری ئەوەی هاوکاری و دەسگیرۆیی بکرێن، کەچی وەك هۆمۆساکەر دووچاری تەکفیر و کوشت و بڕ و زیندانی هاتوونەوە، یەکێك لەوانە ابن مقفع، کە هەر بە زیندووی سادیستانە بۆ ئەوەی ئازار بچێژێت هەر جارەی پارچەیەك گۆشت لە جەستەی ئەکرێتەوە و بە دیار چاوییەوە ئەخرێتە نێو ئاگردانەوە، هەروەها کتێبەکانی ابن رشد دەسوتێنن و تەکفیری ئەکەن و لە بەردەم مزگەوتی گەورەی (قرتبە) خەڵکێکی عەوام بە دنەدانی فوقەها سەلەفییەکان ڕیزدەگرن، تاوەکو تف لە نێو چاوی بکەن، پاشان لە ئەندەلوسەوە بۆ مەغریبی عەرەبی ــ تونس نەفی ئەکریت[2].

هەڵبەتە ابن رشد و ابن مقفع تەنها کەس نەبوون، کە تەکفیر کراون، ابن سیناو جاحظ و الرازی و ابن الراوندی و بشار ابن باز و فارابی و ابو العلاء المعری و عمر بن خیام و زۆری تریش تەکفیر کراون. هەر ئەوەشە وای لە (ارنست رینان) کردووە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جەمالەدینی ئەفغانیدا بە ئاشکرا هێرش بکاتە سەر ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامی، کە پێیوایە ئیسلام و کاراکتەری عەرەبی وەك ئاینێك خۆی لەخۆیدا زانست قبوڵ ناکات، وەك مسڵمان قێزێکی قوڵی بۆ هەموو زانستێك هەیە، بۆ هەر شتێك، کە عەقڵی ئەورووپی بەدەسی هیناوە، ووشەی فەیلەسوف ووشەیەکی بەدناوە و جێگای گومانە، زۆر جار وەك سیفەتگەلی لە چەشنی زەندیق و ماسۆنی سزای مەرگ و چەوسانەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت[3]. **ئەم تەکفیرانە دیاردەیەك نیە لە سەردەمیکی مێژوویدا ڕوویدابێت و کۆتایی هاتبێت، ئەمڕۆش ئێمە لە فەزای مەجازدا لە لایەن بانگخواز و سەلەفییە کۆنزێرڤاتیزمەکان سەرەدا و ژێستە پاتۆلۆژیی ـــ دەردەئاماژەکانی ئەبینینەوە، کە جگە لە حوکم و تەئویلی خۆیان هەموو ئایدیا و ڕاوبووچونێکی فیکری و زانستی تر ڕەت دەکەنەوە. دیارە تەئویل جیاوازە لە تەفسیر، تەفسیر وەرگرتنی مانای باطنی دەقە، بەڵام تەئویل لادانە لە مانای باطنی دەق**، وەك ئەوەی ئەمڕۆ ئەیبینینەوە،

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر موعتەزلەکان بڕوانە کتێبی: د.طیب تیزي،مشروع رؤیة جدیدة للفکر العربي في العصر الوسیط،ط1،دمشق،1971.
[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ابن رشد بڕوانە کتێبی: حسن مروة، النزاعات المادیة في الفلسفة العربیة الاسلامیة،ج1،بیروت،1988،ص53 و ما بعدها.
[3] ئەم چاوپێکەوتنە وەرگیراوە لە : بەختیار عەلی،ئایدۆلۆژیست،ل71.

بە ڕاست و چەپدا بانگخوازەکان ئەئویل ئەکەن و مانای جیاواز لە دەقەکان دائەتاشن. واتە لە بنەمادا لە دێرزەمانەوە **شەڕەکە: شەڕی تەئویل بووە دژ بە تەئویل، نەك تەفسیر دژ بە تەفسیر.**

پاش ئەم کەوشەنە ئەوە ڕوون ئەبێتەوە: بە تەنها تێزی گەڕان بە دوای شوناس و (ئەویترێکی گەورە) لە دوای نەمانی خەلافەتی عوسمانییەوە کافی نییە بۆ ئەوەی تاکی ڕۆژهەلاتی ڕووبەڕووی تەحەدا و دەسهاوردە زانستییەکانی ڕۆژئاوا بێتەوە، بەڵکو لە بوونیادا ئەم تاکە خۆی کێشەیەکی زیهنی و عەقڵی لەمێژینەی هەیە، کە نەك تەنها دژ بە زانست و مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی، بەڵکو لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ دژ بە هەر عەقڵێك وەستاوەیە، کە توانی بیر بکاتەوە، واتە دژ بە هاوزمان و هاوئاینەکانی خۆیشی لە ڕێنیسانسی عەرەبی ئیسلامییەوە لە سەردەمی عەباسیەکانەوە. هەروەها سەرباری هەموو ئەوانە میدیای دەسەلات لەمڕۆدا هێدەی تر بەرچاوی لێڵ کردوون و ئاگایی بەلاڕێدا بردوون، **گەرنا یەکێك لە لایەنە باشەکانی فەزای مەجاز دروستکردنی خەمی هاوبەش و ئامانجی هاوبەشە دژ بە ستەم و نادادی چینایەتی.**

هەروەها ئەوەی ڕاستی ئارگۆمێنتەکانمان ئەسەلمێنێت تێڕوانینەکانی (محەمەد عەبدە)یە، کە وەك ڕیفۆرمخوازێکی میسری لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە دەرئەکەوێت، محەمەد عەبدە لەژێر کاریگەری مامۆستاکەی جەمالەدینی ئەفغانیدا، پێیوایە تێگەیشتنی سونەتی و تەقلیدی بۆ ئاینی ئیسلام یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتن لەم دەڤەرەدا، کە وایکردووە مێژووەکەی لە بازنەیەکی داخراودا بسوڕێتەوە، چونکە توانای کرانەوەی بەڕووی دونیادا نییە و لەسەر دۆگمی خۆی کڕکەوتووە، ئەمەش دۆخی ڕۆژهەلاتی بە نەگۆڕی هێشتۆتەوە.**هەڵبەتە لە هەندێك دۆخدا ئەم کێشە بوونیادەشە وایکردووە مەسەلەی هوشیاری چینایەتی بە باشی دەرك نەکرێت، ململانێی نێوان زانستخوازی و ئاینخوازی وەك بەرخوردێکی نەزۆك ووزە و پۆتێنشیەڵی گەنجەکانمان دەکوژێت و هوشیارییان دەرهەق بە نادادی و چینایەتی بەلاڕێدا ئەبات و دەیخاتە پەراوێزەوە، بە تایبەتی لە ئێستادا، کە کوردستان لە لایەن چینێکی ئۆلیگارشی ڕانتخۆری[1] نەوتییەوە داگیر کراوە و زۆر خراپتر لە داگیرکەری فورس و ڕۆم و عەجەم لە مێژوودا خەڵکەکەی ئەچەوسێنرێتەوە.**

[1] ڕانتخۆری نەوتی مەبەسەت لێی کەسانێکی پسپۆری قانونییە، کە بێ ئەنجامدانی کارێکی سودبەخش بۆ ئابووری وولات، لەبەرامبەر بەرتیل یان بە هۆی واستەوە مەحسوبیەتەوە ئیمتیازی مۆنۆپۆڵی بیرە نەوتەکان یان پاڵێوگوگان یان هاوردەو تاردەنی بازارگانی بۆ خۆیان مسۆگەر ئەکەن، **ژیژەك لە سیاقدا پڕ بە پیستی ئەم جۆرە سیستمە دەوێت کاتێك پێیوایە ئیدی سەرمایەداری خۆی کیشەکەیە، نەك خودی گەندەڵی خۆی!** بڕوانە: نامەکەی ژیژەك بۆ نادیا،و: ئەرسەلان ئەفراسیاو،12 دیسمبەری 2013.

هەڵبەتە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە چەندین منەوەر و ڕیفۆرمخواز لە نێو عەرەبەکان دەرکەوتبوون، هاوکات ئەو دەمانەش دەنگۆی ڕیفۆرم و چاکسازی لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا باو و بلاّو بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمدا، گەرچی چاکسازی سوڵتانەکانی عوسمانی تەنها لایەنی سەربازی و سوپایی گرتەوە. لە میسریشدا (محەمەد عەلی) چاکسازی گەورەی لە سوپا و هەیکەلی ئیداریدا کردبوو، دیارە میسر هەر خۆی بە بەراووردی ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاّتی عوسمانی دۆخێکی تایبەتی هەبوو، چونکە پێشتر لە ساڵی 1798، دا فەرەنسیەکان هێرشیان کردە سەری و بۆ ماوەی سێ ساڵ داگیریان کردبوو، کە لەو شالاّوەدا (ناپلیۆن) جگە لە هێنانی چاپخانەیەك بۆ قاهیرە، کۆمەڵێك زانا و بایۆلۆجیست و ئەندازیار و پسپۆری جۆراوجۆری تر بۆ میسر، کە دواتر کتێبی (وەسفی میسر)یان لەوێ نووسییەوە، عبدالرحمن الجبرتی، کە مێژوونووسێکی میسری ئەو قۆناغەیە، لە کتێبی (عجائب الآثار فی التراجم والأخبار)دا باس لەوە دەکات، کە بەشێکی زۆری منەوەر و خوێندەوارەکانی ئەو دەمە دەکەونە ژێر کاریگەری پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕۆژئاواوە[1].

بۆیە یەکێك لە منەوەر و ڕیفۆرمخوازەکان کە لە سەردەمی محەمەد عەلیدا لە مسیر دەرکەوت (رفاع الرافع الطهتاوي) بوو، تەهتاوی ئەوروپا گەڕابوو لە نزیکەوە پێشکەوتنی ئەو ژیارەی بینیبوو، بۆیە لەوە تێگەیشتبوو، کە زانست و ئاین دوو کایەی جیاوازن، هێچ کامێکیان نابێتە ئەلتەرناتیڤی ئەوتریان، ئەو لە کتێبی (تخليص الابريز في تلخيص باريز) دا داوای ئەکرد زانست سەربەخۆ پەرەی پێ بدرێت و لە قەپێڵك و سانسۆری ئاینی دوور بێت. هەروەها پێیوابوو ئەو گەشەیەی لە ئەوروپا بەدیهاتووە، بە سود بینین لە ڕێنیسانسی عەرەبی بەدیهاتووە[2]، بە تایبەتی دوای ئەوەی کتێبەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتون و بیریارانی تری یۆنانی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە لایەن کلێساوە سوتێنران، ئەوروپییەکان لە عەرەبەکان وەریانگرتەوە و دووبارە وەریانگێڕایەوە بۆسەر زمانی خۆیان. هەڵبەتە لە سنورێکی بەرتەسکدا بۆچوونەکەی تەهتاوی ڕاستە، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نەبوو تەواوی پێشکەوتنەکان لە ڕێنسانسی عەرەبیەوە وەرگیرابێت، ئەوروپییەکان لە هەندێك بورادا سودیان لە ڕێنیسانسی عەرەبی وەرگرت، بەلاّم خۆشیان داهێنانی زیاتری دیکەیان خستەسەری و بەرەو پێشەوەیان برد، بە تایبەتی داهێنانی ئەو بیریارانەی، کە لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا تەکفیر کرابوون و فاشیستانە وەك مەیمون وبەراز تەماشا ئەکران!

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالرحمن بن حسن الجبرتي، عجائب الآثار فی التراجم والأخبار، مطبعة دار الکتب المصرية ،5 اجزاء، قاهرة، 1997.

[2] رفاع الرافع الطهتاوي،تخليص الابريز في تلخيص باريز،مؤسسة هنداوی،بدون سنة طبع،ص 198. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە سالی 1834 بووە.

هەروەها دوای تەهتاوی محەمەد عەبدە پێیوایە ڕیفۆرمی ئاینی سەنگی مەحەکە بۆ چاکسازیکردن لە کۆی سێکتەرەکان لە دەوڵەتدا، عەبدە لە قۆناغێکدا ژیابوو، کە تازە کۆڵۆنیالیزم لە وولاتە عەرەبیەکان دەستیپێکردبوو، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی میسر لە ساڵی 1882 دا، لە لایەن بەریتانیاوە، بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ دیاردەی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی سەرمایەداری جیهانی ئەگەڕاندەوە[1]، هەڵبەتە ئەم تێڕوانینەی عەبدە تاڕادەیەك ڕاست بوو، هێزە ئیستیعمارییەکانی ئەم دەڤەرە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا دەستیان لەگەڵ هێزە تەقدلیدی و سونەتییەکان تیکەڵ کردبوو، هەر دوولایان جگە لەوەی نێوچەکەیان تووشی نەزیفی ئیقتیصادی کردبوو، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو، کە خەڵك بە ئاگا نەیەتەوە و هەر بە ناهوشیاری بمێننەوە. **ئێستاش دوای سەد ساڵ لەو میژووە و دروستبوونی دەوڵەتە پۆست کۆڵۆنیاڵەکانی نێوچەکە دوای پەیمانی سایکس بیکۆ دۆخەکە زۆر نەگۆڕاوە، ئەوەتا ئابووری ئەم ناوچەیە هێشتا هەر پاشکۆی سیستمی سەرمایەداری جیهانییە و لەزۆر دۆخدا ئەم سیستم و دەوڵەتانە هەر لەلایەن ڕۆژئاواوە دەپارێزرێت، سەرباری ئەوەش هەمووان ئەزانین هەر سەرمایەداری جیهانی لێپرسراوی بەردەوامی جەنگەکانە لە ئاسیا و ئەفریقیا.**

بورهان غلیۆن لە کتێبی (اغتيال العقل)دا پێیوایە هەستکردن بە لاوازی بەرامبەر ڕۆژئاوا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانست و مۆدێرنەدا فشارێکی سایکۆلۆژی لە ڕۆژهەڵاتدا خولقاندووە. **خۆرئاوا لە سەدەی نۆزدەدا زیاتر وێنای پیاوێکی عەقڵانی ڕۆشنگەری هیومانیستی ئازادی هەیە، بەڵام وێنای خۆرئاوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و لە سەرەتای سەدەی بیست و داگیرکارییەکانی کۆڵۆنیالیزم دەگۆڕێت بۆ پیاوێکی سپی ڕاسیستی و ستەمکار و چەپەڵ،** کە وەك هێزێکی داگیرکارو چەوسێنەر خۆی نمایش ئەکات[2].

هەر ئەم وێنەیەی دوایی خۆرئاوایە وادەکات هەندیك لە نووسەرە ئیسلامییە کورتبینەکانی سەرەتای سەدەی بیست لەسەر نەزمی داگیرکارییەکانی خۆرئاوا، دواکەوتوویی شارستانییەتی ئیسلامی ببەستنەوە بە نەمانی فتوحات و داگیرکارییەکانی خەلافەتەکانی ئیسلامی، وەك سەردەمانێکی زێڕینی دەسەڵات لە مێژووی عەرەبیی ئیسلامیدا، هەروەها لەژێر کاریگەری هەندیك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کە وا وینای پیاوی سپی کۆڵۆنیالیستیان

[1] عبد الرزاق عيد، أمام الحداثة والدستور، معهد الدراسات الستراتيجية، بيروت،2006، ص.ص37-38

[2] برهان غليون، اغتيال العقل-محنة الثقافة العربية بين السلطة والتبعية،مكتبة مدبولي،1990،ص35.

کردبوو بە هۆی هەژموون و داگیرکارییەوە شارستانیەت و زانست و پێشکەوتنیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە بۆ وولأتە دواکەوتووەکان، بۆ نموونە (شەکیب ئەرسەلان) یەکێك بوو لەو نووسەرە ئیسلامیانەی، کە لە کتێبی (لماذا تآخر المسلمون ولماذا تقدم غیرهم) پێیوایە دواکەوتنی وولأتە ئیسلامییەکان لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئەندەلوسەوە دەسپێدەکات، بە مانایەکی تر لە فیکری ئەودا پێشکەوتن یەکسان بوو بە بوونی دەسەلأت و داگیرکاری غەزوی عەرەبە مسڵمانەکان، بە وێنای دەوڵەتە ئیستعیمارییەکان، ئەرسەلان لە پێشەکی کتێبەکەیدا پێیوایە مەسەلەی دواکەوتن چیرۆکێکی تازەیە، واتە **کۆن نیە!** تەنانەت لە سیاقێکدا دەڵێت: قورئان وایکرد عەرەب بتوانن لە نیمچەدوورگەی عەرەبی بێنە دەرەوە، کە بە دەستێکیان شمشێریان هەڵگرتبوو و کتێب ـــ قورئانیش لە دەسەکەی تریاندا بوو، فەتحیان ئەکرد و لە ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوادا ئاینەکەیان بڵاو ئەکردەوە [1] .

واتە لە دیدی ئەم نووسەرەدا سەتحیانە مەسەلەی دواکەوتن، نەك مەسەلەیەکی بوونیادی ئینسانی نییە لە ڕۆژهەلأتدا، بەڵکو تەنها پەیوەستە بە بوونی دەسەلأتی سیاسییەوە! بێ ئەوەی مەسەلەی چینایەتی یان ئەو هەموو شەڕوپێکدادان و خوێنڕشتنە ببینێت، کە لە نێو خۆدی خەلأفەتە ئیسلامییەکان، لە نێو کومەڵگەی ئیسلامی ئەو دەمەدا ـ لەو مێژووەدا ڕوویداوە، **بێگومان هەموو شەڕەکانیش شەڕی دەسەلأت و شەڕی چینی ئەرستۆکرات بووە بەسەر چینی گشتی خەڵکە بێ دەرەتانەکەوە،** کە وەك دەگوترێت لەو دەمانەدا هێندەی موسڵمان بە دەسی موسڵمان کوژراوە، هێندە خوڵکی ئیسلامی بە دەسی (کافر و موشریك)ـەکان نەکوژراوە.

بۆیە ئەوەی شارەزایی مێژوویی هەبێت، ئەوە دەزانێت لە قۆناغی زێڕینی ئیسلامیدا کۆمەڵگەی ئیسلامی لێوانلێو بوو لە ترسناکترین و خراپترین و دڕندەترین شەڕە نێوخۆییەکان، بۆ نموونە لە شەڕەکاندا وا باو بوو کەلەسەری نەیارەکان وەك دیاری ئەنێردران بۆ بەرپرس و خەلیفەکان، دەیان شەڕی نێوخۆیی ڕوویداوە، وەکو شەڕەکانی(صەفین، نەهرەوان، جەمەل و ..هتد) تەنانەت بە گوێرەی سیرەو ئارگۆمێنتی مێژوونووسە ئیسلامییەکانی ئەو دەمە سێ خەلیفە لە خەلیفەکانی ڕاشدین هەر بە دەستی مسڵمانان خۆیان کوژراون، هەروەها لە سەردەمی خەلأفەتی ئەمەوییەکاندا دوو جار کەعبەی ماڵی خوا بە مەنجەنیق دەسوتێنرێت، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر لە ئیسلامدا ئەوە حەرام کرابوو شەڕ و کوشتار لە نزیك ماڵی خواوە بکرێت، ئەوە بوو جارێك لە ساڵی 63 هـ .دا لە لایەن یەزیدی کوڕی مەعاویەوە کەعبە سوتێنرا، کاتێك ویستی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر

[1] بڕوانە پێشەکی کتێبی: شکیب ارسلان،لماذا تآخر المسلمون ولماذا تقدم غیرهم،ط2،لوزان،1930،ص41 و مابعدها

بکوژێت، چونکە نەیاری سیاسی بوو، بەڵام بە هۆی پاڵپشتی خەواریجەکانەوە شکست ئەهێنێت و ناتوانێت بیکوژێت، بۆیە جارێکی دیکە، کە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان دێتە سەر حوکم لە ساڵی 73 هـ .دا دووبارە حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی کەعبە دەسوتێنێت، پاش گیرانی کەعبە سەری عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر بە دیاری ئەنێرنەوە بۆ عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لە دیمشق[1]. لێرەدا ئەبینین شەکیب ئەرسەلان ئەم هەموو قەیرانەی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی نابینێت باز دەدات بە سەریاندا، پێشیوایە، کۆمەڵگەی ئیسلامی لەو قۆناغەدا لە لوتکەی پێشکەوتندا بووە.

هەڵبەتە نامانەوێت ئەو مێژووە هەڵدەینەوە، چونکە هیچ سودێکیشی نییە بۆ ئەمڕۆ، بەڵام ئەمانەوێت ئەوە لای هەمووان ڕوون بێت، کە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەو دەمە بە بەراووردی هەمان کۆمەڵگە لەمڕۆدا شتێکی ئەوتۆی تێدا نەگۆڕاوە، بەردەوامیش دەسی بە (گوتار مانەوە)ی خۆیەوە گرتووە، هەمیش مەسەلەی بوونی چینایەتی تێیدا وەك خۆی ماوەتەوە، دەبینین ئەم جۆرە فیکرە سەلەفییە کۆنسێرڤاتیزمەی لە وێنەی کەسانی وەکو شەکیب ئەرسەلان ئەمڕۆش لای زۆرێك لە ئیسلامییە توندڕەوە فێندەمێنتالیستەکان و بانگخوازە کۆنەپارێزەکان پشگیری لێدەکریت و ڕەواجی پێدەدرێت، کە گوایە پەرەسەندن و پێشکەوتنی زانست گرێدراوە بە گێرانەوەی فتوحات و داگیرکاری جەنگەکانی ڕابردووەوە.

هەروەها زۆر جار بە گەڕانەوە بۆ ئەو توراسە ئیسلامییە گوایە سەنگی مەحەکی پێشکەوتن، ئەوەیە وەکو چۆن لە کاتی فەتحی کوردستان و ئێراندا لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص فەرمانی کرد جگە لە قورئان هەر کتێبێکی تر بسوتێنن، گوایە ئیدی قورئان کیفایەتە و کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستی بە هیچ کتێبێکی تر نییە! ئەم دیدە سەرتاپاگیرە لە تەئویل بۆ قورئان لە ڕۆژهەڵاتدا تا ئێستاش ڕەنگدرانەوەی خۆی بەشێوەیەکی تر هەیە، بۆ نموونە گوایە ئیدی هەر چی زانستە سروشتییەکان و فیزیا دۆزییەوە، ڕیشە و سەرەداوەکانی لە قورئاندا هەیە، بۆیە پێویستمان بە هیچ زانستیکی تر و هیچ کتێبێکی تر نییە، هەر درێژکراوەی ئەو تێزە کۆنزێڤاتیزمەیە لە مێژوودا، کە جگە لە لاوازی مەعریفی ئەم کۆمەڵگەیە، تەکلفێکی زۆریشە لەسەر قورئان خۆی، کە ناتوانێت بچێتەژێر بارە مەعریفییەکەی زانست وەك میسداقییەت و ئارگۆمینتسازی!

---

[1] بڕوانە: لإمام الذهبي، في السيرة 4/343،کتاب الاحکام السلطانية(کتاب الفتوح)

ئەنگڵس لە سیاقیدا ئەڵێت: **گەر داوا لە فەلسەفە بکرێت هەموو کێشەکانی دونیا چارە بکات، ئەمە وەك ئەوە وایە داوا لە تاکە کەسێك بکرێت خەمی هەموو دونیا بخوات،**[1] **کە ئەوەش کارێکی نەکردەیە. ئەم تەفسیرە تەقلیدییە بۆ دین ڕێك ئەو دۆخەیە، کە قورئانی خستۆتە ژێر باری.** گالیلۆ گالیلی ئیتالی، کە لە سەدەی حەڤدەدا بە هۆی تێڕوانینەکانیەوە لە بارەی گەردوون و سوڕی زەوی و هەسارەکانی دەوری خۆر، ڕووبەڕووی تەحەداکانی کڵێسا دەبیتەوە، لە سیاقێکدا **پێیوایە: کتێبە ئاسمانییەکان ئامانجیان ئەوەیە فێرمان بکەن چۆن ڕۆحمان بەرەو ئاسمان بچێت، نەك پێمان بڵێن ئاسمان چۆن دروستکراوە**[2]**.** گالیلۆ یەکەم کەس بوو لە مێژوودا داوای جیاکردنەوەی کایەی ئاینی و زانستی ئەکرد. لێرەوە (هاشم ساڵح) پێیوایە ئەوروپا تاکە شارستانیەتە، کە وێرابێتی ڕەخنە لە کەلەپوری ئاینی خۆی بگرێت، لە دەست کۆت وبەندەکانی ڕزگاری بێت و بە تەئویل و فۆرمێکی عەقلانیتر خۆی ڕێك بخاتەوە[3].

ئەوترێت پروپاگەندەی هەبوونی مەعریفە ترسناکتر و خراپترە لە جەهل خۆی، چونکە ئەمەی دواییان جەهلترینە (**ج** ــ بە پیتی گەورە) کەپیتاڵ. هەڵبەتە ئەم هەژارییە لە مەعریفە و فیکر ئاسانە لە فەزای مەجازدا پشگیری بکرێت و بە میدیاکانیش تەغزیە بکرێت و خۆراکی پێ بدرێت، **فەزای مەجاز بە زمانی دولوز ـ گواتاری شوێنی میکرۆ ـ ووردە فاشیستەکانە، ئەوانەی تێیدا نائاگایانە ئایدۆلۆژیا تاریك و نەگریسەکانی خۆیان لە ڕێگەی تەفسیر و ئایدیا کۆنەپارێز و تاکڕەهەندەکانەوە ئاراستەی ئەویتر ئەکەن، ئەوانەی ناتوانن یان بۆیان دەسنادات لە واقیعدا فاشیست بن بە ئاسانی لە فەزای مەجازدا ژێستی فاشیتانە ئەنوێننەوە، دیارە ئەوەی لە واقیعدا ئەچەپێنرێت بە دیدە دەروونشیکاریەکە لە فەزای مەجازدا دەردەکەوێتەوە و دێتە گۆ.**

بۆدریار لە سیاقێکدا باسی نەمانی هەقیقەت ئەکات، گوایە بە هۆی ڕۆڵ و کارکردی پۆستمۆدێرنەوە شتێك نەماوەتەوە بەناوی هەقیقەتەوە، لە زەمانێکداین هەقیقەت بێ ئەسڵ و ڕیشە بۆتەوە نە مەرجەعی ئاسمانی هەیە

---

[1] هەڵبەتە ئەنگڵس لە ژێر کاریگەری مارکسدایە لێرەدا، کە لە سیاقێکدا ئەڵێت: فەیلەسوفان سەرقاڵی تەفسیرو لێکدانەوەی دونیان، ئەمە لەکاتێکدا مەسەلەکە گۆڕینیەتی بە پراکتیکی.

(2) لەسەر گالیلۆ بڕوانە: هاشم ساڵح ـ ئەوانەی زەمینەیان بۆ ڕۆشنگەری خۆشکرد، و: شوان ئەحمەد، سەردەم، ژمارە (48-47) ، سلێمانی، 2006، ل45.

(3) هاشم ساڵح،تەنگەژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی،ل107.

و نە زەمینی، بەڵکو ئەوەی ماوەتەوە لە هەقیقەت لە شێوەی نوسخەی ــ نووسخەدا (سیمولەیشن) یان لە نێو زرە کۆپییەکاندایە[1].

هەڵبەتە ئەم تێزە هەموو کات و لە هەموو سیاقێکدا بۆ ئێمە ڕاست دەرناچێت، **ڕەنگە تا سنورێکی دیاریکراو ئایدیاکانی پۆست مۆدێرنە بەر دونیای ئێمە کەوتبێت! بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە جیهانیبوونەوەی کولتووری لۆکاڵی و توراسی گوندییەوە هەیە، ژیژەك پێشتر ئاگاداری کردینەوە، کە خودی هەقیقەتیش هەمیشە مەجازیی بووە! بۆیە ناکرێت فەزای مەجازیش خاڵی بێت لە هەقیقەت، لێرەوە هەقیقەتی فاشیستی و هەقیقەتی ساختە لەم فەزایەدا دوو شێوازی هەقیقەتن لە هەقیقەتە مەلموسەکان، کە ڕۆژانە خۆیان بەرهەم دێننەوە و لەم پێناوەشدا چەندین جەنگاوەری لایڤ و سۆپەرمانی (هەمیشە ئامادەبوو) لە فەزای مەجازدا خۆیان بۆ تەرخان کردووە،** کۆمەڵێك عەقڵی کۆنی بەربەرەردبوو، کە میدیا بۆتە چاو و گوێی ڕاستەقینەیان بەردەوام خورافات لەم فەزایەدا داروست دەکەن و پە پاڵپشتی لێشاوێك لە جەهلی دیجیتاڵی و زۆری لایك دەیگۆڕن بۆ هەقیقەتە ساختەکان و خەڵکێکیش بڕوایان پێدەکەن.

دروستکردنی لێشاوی گەمژەیی دیجیتاڵی بە دنەدانی هەستی ئاینی یان سیاسی لەم فەزایەدا ئاسانە، تاوەکو میکرۆفاشیست بگۆڕدرێت بۆ مایکرۆفاشیست ـ (فاشیستی جەماوەری) هەر لێرەوەیە ابن رشد لە سیاقێکدا پێوایە: گەر کەسێك بیەوێت کۆنترۆڵی جەهلی کەسێکی تر بکات، ئەوا با هەر چی نارەوا ــ باتڵ و ناڕاستە بە ڕووپۆشێکی ئاینی بۆیاخی بکات! **بێگومان لە زۆر دۆخدا سیاسەتیش لە دونیای ئێمەدا هەر بە نەزم و میکانیزمە دینییە ئیشیان کردووە!**

هەڵبەتە وەك کۆمۆنیستێك **هەمیشە خۆشحاڵم بە بیستنی چەمکگەلێکی وەکو جەماوەر، ئاپۆڕای جەماوەری، چونکە خۆی لەخۆیدا کارو کارکردی جەماوەری و سۆلیداریەتی و لە جەوهەری خۆیدا هەستیکی کۆمۆنە ــ و هاوبەشی دژە سیستم و دژە دەسەڵاتی چینایەتی دەخولقێنێت، لەم پێودانگەوە زۆربەی شۆڕش و گۆڕانە مەزنەکان نێو مێژووش هەر جەماوەر و خەڵکە چەوساوە ستەمدیدەکە کردوویەتی، داینەمۆ و لە هەمان کاتیشدا سوتەمەنی ڕووداوەکان بوون، بۆیە پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێك لەم ساتە هەستیار و دەگمەنانەدا خۆی لە جەماوەر دانەبرێت و کۆمەکیان بکات و ئیلتیزام بە کار و ئەخلاقیاتی ڕۆشنبیری خۆیەوە بکات،** بەڵام کاتێك

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بیری پۆستمۆدیرن و بۆدریار بروانە کتێبی:ژان بۆدریار،چۆن تا ئیستا هەموو شتێك ئاوا نەبووە،و: وەلید عومەر، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی،2019.

گرووپێك یان جەماوەرێکی زۆر لە فەزای مەجازدا ئا بەو شێوەیە لە لایەن میدیاو خەڵکێکی پۆپۆلیست و بانگخوازی گەمژە و کۆنەپارێزەوە بە قازانجی سیستمەکە ئاراستە ئەکرێت و بەلارێدا ئەبرێت، نەك ڕۆشنبیر هەر پێویست ناکات ئیلتیزامی خۆی بەو جۆرە لێشاوەوە بهێڵێتەوە، بەڵکو پێویستە سەرکۆنەیان بکات و ڕەخنەشیان بکات، تا ئاگاییان بۆ بگەڕێنێتەوە.

دروستکردنی جەهلی جەماوەری دیجتاڵی دیاردەیەکی تازە نیە، کە ئەمڕۆ بە پاڵپشتی میدیا خەملٚیوە، بەڵکو ڕیشەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ مەسرەح ــ یاریگاکان (لە شێوەی شانۆدا) لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کۆندا لە سەردەمی سیسرۆوە، کە هەر کاتێك ئیمپراتۆری ڕۆمانی بیویستایە دیموکراتی سێنتات ـ ئەنجومەنی شورا(**دیموکراتی بە پێودانگی ئەو ڕۆژگارە**) لە نێو ببات، ئەوا بایەخی بە کردنەوەی یاریگای گەورە داوە، پاڵەوانەکان لەوێدا لە دژی یەکتر دەچوونە نێو ململانێ و تووندوتیژی یەکتر کوشتنەوە، تا لەوێدا جەماوەری تەماشاکەر **چەپڵەیان بۆ لێدەن و چێژ** وەرگرن... لە جیاتی دەسەلاتی خوێندەوارەکانی سێنات، کە داوای پاراستنی شورای ڕۆمایان ئەکرد، لە ڕێگەی حوکمی دیموکراتی نوخبەوە، بەو شێوەیە ئیمپراتۆر شێوازێکی تری لە حوکمی جەماوەری لە پێناوی ویستە دکتاتۆرییە تاکڕەوییەکانی خۆی بەکاردەهێنا[1]، هەواداریێکی زۆری جەماوەری لەم ڕێگە ناڕەوایەوە بەدەس ئەهێنا، واتە لەڕیگەی چەواشەکاری و بەلارێدابردنی جەماوەری خەڵکییەوە، لە خۆڕاش نییە، کە **بۆرخیس لە سیاقێکدا پێیوایە: لەمرۆدا تۆپی پێ بۆیە باوە، چونکە گەمژەیی باو و بڵاوە! بە تایبەتی ئێمە ئیستا لە سەردەمێکدا ئەژین سیستمی سەرمایەداری چێژی ڕۆحی ــ وەرزشی بۆ لەبیربردنەوەی مەسەلەی چینایەتی و نادادی لە زۆر شوێنی جیهاندا بەکاردەهێنێت. بە تایبەتی ئێمە ئیستا لە سەردەمێکدا ئەژین سیستمی سەرمایەداری چێژی ڕۆحی ــ وەرزشی بۆ لەبیربردنەوەی مەسەلەی چینایەتی و نادادی لە زۆر شوێنی جیهاندا بەکاردەهێنێت، هەڵبەتە وەرزشی بەدەنی گرنگە بۆ مێشك و ڕۆحی مرۆڤ وەك لە یۆنانی کۆنیشدا لای بیریاران قسەی لێکراوە، بەڵام ئەمڕۆ هیچ ئامانجێکی لەم جۆرە نەماوە، وەزش و تۆپی پێ بە نموونە خۆیان ئامراز و ئامنجەکەشن! بۆتە میکانیزمێك بەدەس سیستمەکانەوە هەم بۆ بزنسی سەرمایەداران لە وولاتە ئەورووپییەکاندا، هەم بۆ بەلارێدابردنی ئاگایی گەنجەکان و دوورخستنەوەی سەرنجیان لەسەر دۆخی نادادی و ستەمکاری و نغرۆکردنیان لە چێژی ڕووتدا، بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتدا.**

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ستاتۆی ڕۆمانی کۆن بڕوانە کتێبی: سلوتەردایك لە نزیکەوە، بەکر عەلی، ئسماعیل حەمە ئەمین،سەردەم، سلێمانی،2015،ل.ل81-84

لەمڕۆشدا فەزای مەجاز بۆتە شانۆیەك تاوەكو ویستە فاشیستییەكانی تێدا خاڵی بكرێتەوە، وەك جۆرێك لە زێدەچێژ و ژویسانس، خەڵكێكی فیكر سەلەفی نێرسیست تێیدا ئایدۆلۆژیای فاشیستی خۆیان لە سەر دیوار و واڵەكان خاڵی ئەكەنەوە. لە خۆڕا نەبوو ژیژەك پێیوابوو **ئەمڕۆ سۆپەر ئیگۆیەك لە سایەی بازاڕی سەرمایەداریدا دروست بووە، بێ باكانە دەرهەق بەم هەموو نادادی و ستەمكارییە پیمان ئەڵێت: هیچ مەكەو تەنها چێژ وەرگرە. سوبێكتگەلێكی فشۆڵ وەك بووكەڵەی دەست هێزە باڵادەسەكان**[1]. بێ مەڵامەتیش نەبوو (ئەنشتاین) لە كۆنتێكستێكدا ترسی خی ناشارێتەوە لەوەی، كە ڕۆژگارێك ڕۆڵ و كاركردی تەكنەلۆژیا بەسەر سایكۆلۆژیا و ڕەفتاری مرۆڤەكاندا سەركەوێت ــ زاڵ بێت، بە زمانی ئەو ئیدی لەو ڕۆژگارەدا دەبینە خاوەنی نەوەیەكی گەوجیش!

دیارە ئەم لێشاوە لە گەوجی دیجیتاڵی تەنها دیاردەیەكی ڕۆژهەڵاتی نییە، بەڵكو لە زۆر دۆخدا بەشێكە لە ڕۆحی سەردەمەكە وەك دیاردەیەكی جیهانی، ئەوە هەر ڕۆژهەڵات نییە، كە كێشەی بوونی فێندەمێنتاڵیزم و خەڵكێكی عەقڵ سەلەفی هەیە، ژێژەك لە وتارێكدا باسی ئەوە دەكات، كە لە ئەمریكا زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵكی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی توندڕەو لەژێر چاودێری حكومەتدان! تاوەكو كاری توندوتیژی ئەنجام نەدەن، گروپی لایەنگرانی (زەوی تەختە) و كۆمەڵێك ئایدیای پوچی سەلەفی نازانستی تەنها دیاردەیەكی ڕۆژهەڵاتی و كوردی نیە، بەڵكو لە ئەمریكاش هەوادارێكی زۆری هەیە. **ڕەنگە هەر ئەمەش هۆكارێك بێت، كە هوشیاری چینایەتی لەو وڵاتە لە ئاستێكی زۆر نزمدایە، گروپی ئەنتیفای ــ دژە ڕاسیزم و گروپە چەپەكانی تر لەوێ تەنها فریای ئەوە ئەكەون، كە ڕووبەڕووی بەرخوردی ڕاسیستی و مامەڵەی ئاپارتایدانەی ڕاسیستەكان و نەتەوییە ڕادیكاڵەكانی ئەمریكا ببنەوە.**

**ڕەنگە ئێمە بەدەس زۆر دۆگمی وەكو خێڵ و داب و نەریت و كولتوورییەوە گیرۆدە بین و لە كۆمادا مێژووی سڕ كردبێتین، بەلام گەرچی ڕۆژئاوا ئەم شتانەی تێدا نەماوە، كەچی بە جۆرێكی تر لەوێش میدیا سوبێكتێكی گەمژەی بوونیاد ناوەتەوە، كە گرقت و كێشە بوونیادییەكانی كەمتر نیە لە تاكی ڕۆژهەڵاتی، بەجۆرێك لەوێ**

[1] بروانە: تۆنی مایەرز، فەلسەفەی سلاوڤۆی ژیژەك،و: وەلید عومەر،چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2014، ل75.

**ئیگۆیزم  و هەلپەرستی لەژێر ناوی ئازادی ئیندیڤیدوالیزم و تاکگەرایدا پەرەی سەندووە و هەمووان بوون بە کوڕ و کچی سیستمەکە، کە هیچ باکێکیان بە مەسەلەی سۆلیداریەتی و هوشیاری چینایەتی و غەمی گشتییەوە نییە.** بۆ نمونە هەموو خەمی تاکەکان ئەوەیە کارێکیان هەبێت و کوڕان لەڕیگەی  نەرمە وەرزشی لەشجوانی و فۆتێکردنی جەستەیان و کچان لە ڕێگەی نەشتەرگەری جوانکارییەوە لەژێر کاریگەری ستاری فیلم و یاریزانەکاندا خۆیان لەو بازاڕەدا نمایش بکەن، کە میدیای سەرمایەداری بۆی  کردوون بە مۆدێل.      واتە لە جیهانێکدا دەژین هیچ شتێك نییە لەپێناوی سوڕی سەرمایەدا بازاڕی نەبووبێتەوە، ڕەنگە بە بازاڕیبوونەوەی (زمان)یش هەر بەشێکی ئەو کولتوورە بێت لە جیهانی دیجیتاڵیدا.

دەوترێت مۆدێرنە دەبوو ئەفسونی پێش مۆدێرنە لەسەر ئاگای مرۆڤ لاببات و خورافە تێکبشکێنێت، کەچی کۆمەڵگەی ئێمە لەم قۆناغەی مۆدێرندا (کەلای هەندێك بە پۆستمۆدێرن ناسراوە) دیسان پڕ بوویەوە لە خورافەت، ئەفیون و شتی ناعەقڵانی باڵادەست بوویەوە. شایگان لە بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا (دەردە ئەفسونی نویٚ) دەنووسێت لە پاش چەندین سەدە لە ناواخنبوونەوە و ناهاوێژی ئێستا جیهان دووبارە تووشی ئەفسون بۆتەوە، پەیوەست بوون بە شتە ناعەقڵانیەکان و ڕێزگرتن و پەرستنی شتە نادیارەکان، ئارەزووی منداڵانە بۆ شتە سەرسوڕهێنەرەکان لە مرۆدا هێندەی ڕابردوو بەهێزە[1]. ئەوەش تاڕادەیەك ئەو تێزەی بۆدریار بەهێز ئەکاتەوە، کە لەسەردەمی پۆستمۆدیرنەدا پاشماوەکانی دونیای دێرین و فۆلکلۆر و نەریتی گوندی پێش مۆدێرن ئامادەیی هەیە[2].

مارکس و ئەنگڵس دەربارەی لێکترازان و بەسەرچوونی دۆگمی کولتوور و داب و نەریتی فیوداڵی لە کتێبی (مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست)یدا ئەڵێن: هەر شتێك ڕەق و پتەو بێت دەبێت بە هەڵم و بە هەوادا ئەچێت[3]، **بەڵام وا دیارە هەر شتێك لە ڕۆژهەلات و کوردستاندا، کە ڕەق و پتەو بووە هەر بە بەڕەق و پتەوی مایەوە و هەر خەونێکیش، کە هەبوو دەربارەی بەسەرچوون و گۆڕانی کولتووری و نەریتی و سەرەولێژبوونەوەی ئەفسونەکان، بوو بە هەڵم بە هەواداچوو. لە بەدبەختیشمان تاکە دیاردەیەك، کە پۆستمۆدێرنە بۆ ئێمەی زەق وزۆپ کردبێتەوە و بەریکەوتبێتین، دووبارە تۆخکردنەوەی ئەفسون و کولتووری گوندیی و لۆکاڵییە سونەتی و**

[1] وەرگیراوە لە : وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل85
[2] بڕوانە: ژان بۆدریار، سەرچاوەی پێشوو،ل55.
[3] بڕوانە: کارل مارکس فریدریك ئەنگڵس، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست،و: پێشڕەو محەمەد، چاپخانەی تاران،سلێمانی،2016،ل24.

**نەریتیەکان بوو لە فەزای مەجازدا. بۆ نموونە هەزارەها ساڵ مرۆڤ جگە لە ئیمان ڕووانگەیەکی تری بۆ جیهان ــ گەردوون نەبوو، بەڵام وا دیارە ئەم جیهانبینی و ستایڵە لە ژیانکردن لە دونیای ئێمەدا بە دەسلێنەدراوی ماوەتەوە.**

ئەوەتا مرۆڤی جیهانی سێهەم زۆر ئارەزووی لە تەکنیك و دەسکەوتەکانی ڕۆژئاوا و مۆدێرنەیە، بەپەرۆشەوە دوایان ئەکەویت، بەڵام ئارەزووی لە بابەتی تیۆری و فەلسەفی ــ زانستی نیە، چونکە لەگەڵ دۆگم و کولتوورەکەیدا نامۆیە[1]، ڕەنگە لێرەدا ئەو تێزە بەڕاست وەرگەڕێت، کە پێیوایە تەکنەلۆژیا ئەو ماسکەیە، کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەسەری خۆی دەکات، تاوەکو دواکەوتوویی خۆی بشارێتەوە.بۆ نموونە وەك لە کتێبی (دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ)دا هاتووە: **تەکنەلۆژیا بۆ ئێمە ئەلتەرناتیڤی بیرکردنەوەیە، هاتنی تەکنەلۆژیا لە دونیای ئێمەدا وەزیفەیەکی سەلەفیانەی هەیە.** ئەمڕۆ ئەوەی ببینێت چۆن عەقڵە دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکان تەکنەلۆژیا بۆ بڵاوکردنەوەی کۆنترین خورافاتی سەردەمەکانی پێشوو بەکاردەهێنێت، تێدەگات جەوهەری ئەم مێشکە ڕزیوانە ئەوەیە: دەمێك من بەرهەمی عەقڵم هەبێت، چ پێویستم بە خودی عەقڵە[2]، هەروەها لە سیاقێکی تردا دەڵێت: **مۆدیرنە هیچ نییە جگە لە کاڵایەك دەخرێتە بەردەم خەڵکی هەموو دونیا بۆ ئەوەی هەڵی بگرن و بیکڕنەوە، پێشنیاری خۆرئاوا ـ سەرمایەدارییش ئەوەیە پێویست ناکات مۆدێرن بیر بکەیتەوە، بەڵام دەتوانێت بەرهەمەکانی بکڕیت**[3]! ئەوەش ئەو تێزە ژیژەکیە پشت ئەستور ئەکاتەوە، کە سەرمایەداری لەڕێگەی مەسرەفگەرییەوە توانای خۆبەرهەمهێنانەوەی لەنێو دواکەتووترین کۆمەڵگەکاندا هەیە.

لەم پنتەوە گەر سەرنج بدەین کاتێك مۆدێرنە ئەبێتە کاڵا لە نێو دواکەوتووترین کۆمەلگەکاندا ئەمە مانای ئەوەشە، سەرمایەداری زۆر باشتر لە کۆمەلگەیەکی پیشەسازی ئەتوانێت لە نێو کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی و خێڵەکی سونەتیدا خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، **ئەوە تێزێکی هەرزان بازاڕی ژورنالیستی بوو، کە پێیوایە ئیدی مادام ئیمە خێڵین، ئەوا نیو لیبرالیزم و سەرمایەداری ناتوانێت خۆی لێرە بەرهەم بهێنێتەوە، کە لەلایەن هەندێك نووسەری ڕەهەندییەکان و لیبراڵەکانەوە پەرەی پێدرا؛ گوایە هیشتا نەچووینەتە نێو سەرمایەدارییەوە و تاوەکو بەهای لیبرالیانە لێرە گەشە پێ نەدەین سەرمایەداری لێرە بوونی نابێت، لە کاتێکدا سەرمایەداری بێ**

---

[1] بروانە: کۆمەڵێك نووسەر، ئێمەو مۆدێرنە،و: فەرشید شەریفی، سەردەم،2009،ل26.
[2] بەختیار عەلی، دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ،ل 149-150.
[3] بەختیار عەلی، زنجیرەکانی دۆنکیشۆت،ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی،2021،ل19.

**ئەوەی پێویستی بە بەها لیبراڵی و ئازادییە فۆرماڵەکەی بێت باشتر خۆی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بەرهەم دێنیتەوە، بۆیە لە زۆر دۆخیشدا لێرە بە گوێرەی ئەتمۆسفیری کۆمەڵایەتی سیاقەکە دژ بە بەها لیبراڵییەکانی خۆی دەوەستێتەوە و دەس بە چێژی لەبەر ڕۆیشتووی خۆیەوە دەگرێت! چونکە تاکە شتێك سەرمایەداری لێرە لای مەبەست بێت فراوانکردنی پنتی ئازادی بازاڕە، نەك ئازادییە گشتییەکانی تر،** هەڵبەتە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا مەسەلەی مۆدێرنیزاسیۆنی سەرمایەداری، گەر بکرایە بەجدی، ڕەنگە بۆ پرسی چینایەتی و هوشیاری چینایەتی گرنگی  و کاریگەری خۆی هەبووایە.

دیارە تازە زەحمەتە ڕۆژهەڵات بەو ڕێگە و میتۆدە زانستیانەدا بڕوات، کە ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕیوە، مۆدیرنەش پرۆسەیەکی ناوەکی ئالۆز و فرە جەمسەرە لە نێو کۆمەڵگەدا، کە بە دیدە مارکسیەکە بە پلەی یەکەم گرێدراوی گەشەی ژێرخانی ئابوورییە لەنێو زەمەندا، کارل مارکس لە کتێبی (هەژاری فەلسەفەدا) ئەڵێت: **ئاشی هەوایی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بەرهەم هێنا، ئاشی هەڵمینیش کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی بەرهەم دەهێنێت**[1] **.**واتە گەشەی ئابووری سەنگی مەحەکە بۆ پێشکەوتنی ژیارەکان وەك دیفاکتۆ ـ ئەمری واقیع.

کتێبی (ئایدۆلۆژیست) بەم شێوەیە گوزارشتی لە پاشکەوتوویی و سقوتی ڕۆژهەڵات بەرامبەر ڕۆژئاوا کردووە: خۆرهەڵات ئەم مەودا زەمەنییەی لە بەردەست نییە بە کاوەخۆ، بە ڕەخنەی زانستی، بە پرۆسەی هێمن و دوورو درێژ دەست لە ئاسمان بەر بدات و ڕەهەندە میتافیزیکییەکەی خۆرهەڵات لاواز بکات، خۆرهەڵات لە ناکاو لە سەردەمێکی مێژوویدا چاو دەکاتەوە دەبینیت، کە چیتر ئەو سەقفەی ئاسمانی بەسەر سەرەوەیە نەماوە، گەڕانەوە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی زیاتر لە فڕێدان و کەوتنەخوارەوە دەچێت، نەوەك گەشەیەکی ناوەکی و دوورکەوتنەوەیەکی زانستی و فەلسەفی و سیاسی بێت[2]. بەڵام بە پێچەوانەوە **پێمانوایە زەحمەتە هێشتا پەی بەوە ببەین، کە گوایە هێشتا ڕۆژهەڵات بەو هەموو خود ئەڤینی و هەستە نۆستالۆژییەی هەیەتی بۆ کولتوور و دین و داب و نەریت و گوتاری مانەوە، وەك فڕێدراوێك خۆی لە زەویدا ببینێت، یان پێیوابێت پاش ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییە لە ڕۆژئاوا ئیدی ئاسمان وابینێت، کە ڕماوە بە سەریدا، چونکە وەك ئەبینین هێشتا لە زۆر دۆخدا ڕۆژهەڵات دەسی بە دۆگم و موقەدەساتی خۆیەوە گرتووە، گەرچی لە زۆر پنتیشدا ڕەخنە**

[1] ئەم دێڕەی مارکس وەرگیراوە لە کتێبی: هربێرت مارکۆزە، سەرچاوەی پێشوو،ل280.

[2] بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست.ل 59

**و گومانی میتافیزیکیانەی بۆ دروست بووبێت، هەر ئەم هەستە نێرسیستییەشە وایکردووە لە زۆر دۆخدا وەك ئاماژەمان پێدا خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی دەسکەوت و داهێنانە زانستیەکانی ڕۆژئاوا بزانن و پێیانوابێت پێشر لە تێکستە پیرۆزەکانی ئەواندا سەرەداوەکانی باسکراوە. بۆ نموونە کاتێك وینەکانی تلسکۆبی جیسمس وێب بڵاوبوویەوە، خێرا وتیان پێشتر لە کتێب و توراسەکەی ئێمەدا باس کراوە!** بۆیە (بەختیار عەلی) لەم ڕووەوە نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی دەقیق و وورد دەرهەق بە ڕۆژهەڵات پێشکەش بکات.

هەڵبەتە پێشکەوتنی هەمەلایەنەی زانستەکان و مۆدێرنە شۆکیك بوو لە نەزمە کۆمەڵاتییەکەی ڕۆژئاوا، بۆ نموو ئەوان بی سڵەمینەوە توانیان دەستی ئاین لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا ببڕن و بگێڕنەوەی بۆ شوێنی ئاسایی خۆی، کە کڵێساکانە، **بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا ئەم دەسهاوردە زانستیانە هەر وەك شۆکێکی ئەبستراکت و ئاسایی وەردەگیرێت، چونکە وەك پێشتر گوتمان گەشەی ناوەکی ئەویتر بووە، نەك گەشەی بوونیادی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی خۆی، بۆیە چاوەڕوانکراو بوو ئەم دەسکەوتانە شتێکی ئەوتۆش لە بوونیادە ناوەکی و نەزمە کۆمەلاتییەکەی بە باری ئیجابیدا نەگۆڕێت.**

گەر تێبینی هەندیك وڵات بکەین لە ئاسیا و ڕۆژهەلاتی دوور، گەر چی دیاردەکانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی و پیشەسازی گواستەوە بۆ خۆی و پەرەشی بەو دەسکەوتانەدا، کە ڕۆژئاوا خاوەنی بوو، بەڵام داب و نەریتی بۆ ماوەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەردا نەهات و هەر بەدواکەوتوویی مایەوە، یابان تاوەکو سەد ساڵیش دوای گواستنەوەی مۆدیرنە و پرۆسەی بە پیشەسازیبوونیش گۆڕانیکی کولتووری وای بەخۆیەوە نەدی، گەرچی ئیستا تاڕادەیەك گۆڕانی لە زۆر لایەنەوە بەسەردا هاتووە، لە زۆر ناوچەی چینیشدا لە دوای شۆڕشی (ماو)ەوە هەمان دۆخ هەیە، وەك پێشتر ئاماژمان پێدا **هیندستان یەکێکە لەو وڵاتانەی گەرچی لە زۆر بواری تەکنەلۆژیا و ئەلکترۆنیدا پێشکەوتووە، بەلام باری دۆگمە کولتووری و ئاینییەکانی گۆڕانی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە، ئەمەش دووبارە ئەو تێزە پشتڕاست ئەکاتەوە، کە سەرمایەداری توانای خۆبەرهەم هینانەوەی لە نێو دواکەوتوترین کۆمەڵگەکاندا هەیە، گەرچی بە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا نەڕۆیشتبێتن.**

هەر لەم ڕوانگەوە ژیژەك لە نامەیەکدا باسی ئەم جۆرە لە (حەربا)یی سیاسی ـ خۆگونجاندنی سەرمایەداری ئەکات لەسەر کۆمەڵگە دواکەوتوەکانی وەکو تورکیا و هیندستان، پێیوایە: **نوێبوونەوەی خێرایی سەرمایەداری وایخواستووە، تاکەکان بۆ نموونە لە هیندستان پابەندی ئەو شتە بن، کە پێی دەگوترێت داب و نەریتی (پێش**

**مۆدیرن) ئەویش خۆی لە بیروباوەڕ و ئەخلاقیات و بەها جۆربەجۆرەکانی پێش مۆدیرنەدا ئەبینێتەوە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی چێژگەرایی لەڕادەبەدەر**[1]. لەم پنتەوە ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین هیشتا سیما و خەسڵەتەکانی خێل بە پلەی ئیمتیاز لە کوردستانیش بوونی هەیە، وەك (محەمەد فەریق حەسەن) لە کتێبەکەیدا (مێنتەلێتی خێڵ) بە ئارگۆمێنتسازی بۆمان ئەسەلمێت، کە هێشتا مێنتالیێتی خێل بە پلەی ئیمتیاز لێرە لە هەموو ئاستەکاندا بوونی هەیە[2]، بەڵام وەك گوتمان ئەمە مانای ئەوە نیە سەرمایەداری نەوتی ــ بازرگانی، نیولیبرالیزم و کەرتی تایبەت کۆمپانیا و سوڕی سەرمایە لێرە بە هەمان ئیمتیازە جیهانییەکە بوونی نەبێت، ئەمە جگەلەوەی باشترین و سەرەکیترین کالاّ لە ڕۆژهەلاّتدا، کە (نەوت)ــە لێرە بە تەواوی جێگەی بازرگانی سەرمایەداری کۆنی گرتۆتەوە.

کـتێبی (زنجیرەکانی دۆنکیشۆت) باسی کۆمەڵێك بنەما ئەکان سیستمەکان لە خۆرهەلاّتدا دەبێت لە پرۆسەی مۆدێرنەکردندا بیپارێزن، ئەم بنەمایانە هۆکارن بۆ پێشنەکەوتنی زانستەکان و نەزمی کۆمەلاّیەتی و سیاسی بە دواکەوتووی هێشتۆتەوە: یەکەم: زانست دەبێت نەچێتە جەنگ و ململانێوە لەگەڵ ئایندا، ئەکادیمیا شوێنی بەرەنگاربوونەوە نییە لەگەڵ مزگەوتدا، بەڵکو تەواوکەریەتی، دووەم: موقەدەسی دینی و سیاسی دەبێت نەخرێنەژێر پرسیارەوە و هێڵە سورەکانی نەبەزێنرێت...سێهەم: پراکسیس ـ فەلسەفەی عەمەل، مەرج نییە پەیوەندی بە تیۆرەوە هەبێت، شا ڕێگەی پەکخستنی تازەگەری لە ڕۆژهەلاّت جیاکردنەوەی پراکسیسە لە تیۆر، بۆ نموونە سیاسییەکان ئیشی خۆیان دەکەن و ئەوانەی لە زانکۆکاندا سیاسەت دەخوێنن ئیشی خۆیان دەکەن و کاریان بە سیاسەتەوە نابێت، ئەم دوو جیهانە شتێك کۆیان ناکاتەوە، فیتەرەکان ئیشی خۆیان دەکەن و ئەوانەی میکانیك لە زانکۆکاندا ئەخوێنن ئیشی خۆیان دەکەن و پەیوەندییان پێکەوە نابێت..هتد. چوارەم: تەنها ئەو پیشەسازییانە چالاك ئەکرێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سەقامگیری دەسەلاّتەوە هەیە یان پشگیری کەپیتاڵی جیهانی بۆ پشگیری کەپیتاڵی نیۆخۆیی مسوگەر ئەکات، وەك پیشەسازی سەربازی. ئیدی زانست لەم وولاّتانە تەنها بەهانەیەکە بۆ کۆنترۆڵی زیاتری سێکتەرەکانی دەوڵەت ـ بە دیدە فۆکۆیەکە، لە کۆی کایەکانی ژیاندا، وەك پەروەردە و دادگاکان و نەخۆشخانەو کشتوکاڵ و سامانە سروشتییەکان ..هتد[3].

---

[1] بڕوانە : نامەکەی ژیژەك بۆ نادیا،سەرچاوەی پێشوو.

[2] خوێنەر بۆ خویندەوەی زیاتر لەسەر سیما خێڵەکییەکان ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ: محەمەد فەریق حەسەن، مێنتەڵێتی خێڵ،چاپخانەی ئاراس،چ1، هەولێر،2008.

[3] بەختیار عەلی، زنجیرەکانی دۆنکیشۆت، ل.ل25-31

هەروەها دەتوانین ئەو خاڵەشی بۆ سەربارخەین، کە زانکۆ و خوێندنگەکان لەم وڵاتانەدا وەك دام و دەزگا و سێکتەرێکی مشەخۆر و زیادە لە لایەن دەوڵەت و سیاسیەکانییەوە لێی دەڕوانرێت، کە گوایە زانکۆکان هیچ بەرهەم و داهاتێکیان نییە بۆ دەوڵەت ــ سیاسیەکان، بۆیە خەرجی زۆریان لە بوجەدا بۆ سەرف ناکرێت، بۆ ئەوەی داهاتێکی زیاتر بۆ چینە سیاسسیە باڵادەسە ئیگۆیستەکان بگەڕێنرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا سیاسیە مشەخۆرەکان بێ ئاگان لەوەی گەر قەرار بێت گۆڕانێك لە شوێنێکدا ڕوو بدات هەر دەبێت لە زانکۆکانەوە دەسپێ بکات، پێشکەوتنی کۆی سێکتەرەکانی تری دەوڵەت پابەندە بە پێشکەوتنی زانستەکانەوە، کە ئەمەش زۆر خراپ بەسەر ناوەندەکانی زانستدا لەم وڵاتانەدا شکاوەتەوە، هێندەی تر خوێندن و پەروەردەی بێ بەهاو بێ ئەرزش کردووە، بۆیە خوێندن تەنها وەك جۆرێك ڕووتینات لە لایەن فێرخوازانەوە بەڕێدەکرێت، قسەیەکی گشتی هەیە لێرە: زانکۆ و شەهادە هیچ فێری مرۆڤ ناکات. بۆ نموونە ئەگەر تەماشای بڕی ئەو بوجەیە بکەین، کە ئیسرائیل تەنها ساڵێك بۆ زانکۆکانی خۆی دابین ئەکات، بارتەقای بوجەی دەیان وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی ئەبێت، کە لە ساڵێکدا بۆ زانکۆکانیان دابینی ئەکەن.

دەربارەی تێڕوانینی دوایی داخۆ مۆدێرنە لە ڕۆژهەڵاتدا تەنها بۆ مەرامی کۆنترۆڵ و هەژموون بەکار هاتووە، ئەوە ڕاستە لە ڕۆژهەڵات و کوردستانیش لە بوارێکی بەرتەسکتردا تەکنەلۆژیا بۆ کۆنترۆڵ و سزادان و بزنسی سیاسی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وەك کامێراکان و ئامێرەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت تاڕادەیەك بۆ کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی جەماوەر بەکار هاتووە، هەر کاتێکیش ئەم بوارە شکست دەهێنیت (بواری ئایدۆلۆژی) دەسەڵات پەنای بۆ سوپا و هێزی سەربازی بردووە، (ئاڵتۆسێر)مان بیر نەچیت، کاتێك **پێیوایە: گەر سوبێکتەکان ملکەچی ئایدۆلۆژیای نێو سیستم نەبوون، ئەوا دەوڵەت مەشین و ئامێرە سەرکوتکارەکانی دژ بە هاوڵاتیان دەخاتەگەڕ، بۆیە لای ئەو دیدە (فۆکۆ)ییەکە کورتی هێناوە لەوەی، کە دەسەڵاتە تەنها لە ڕێگەی کۆنترۆڵ و هەژموونەوە لە ژێرەوە لەڕێگەی ئەپاراتۆسە جیاوازەکانەوە حوکم بکات، بەڵکو مەشینی ئایدۆلۆژی و سەرکوتکاری ــ پۆلیسی لە دەوڵەتدا پێکەوە کار دەکەن و تەواوکاری یەکترن، دیارە لێردا دۆخی (ئاوارتەی دەسەڵات) لای (جۆرجیۆ ئاگامبین) تێزەکەی ئاڵتۆسێر بەهێزتر ئەکات، کە لای ئاگامبێن دەوڵەت بۆ ئەوەی لەڕێگەی پۆلیس و هێزەوە حوکم بکات، هەمیشە وڵات لە دۆخی نائاسایدا ئەهێڵـەوە، دۆخی سەردەمی کۆرۆنا**

**له ئەوروپا ئەم تێزە پشت ئەستور ئەکات، کە دەەسەڵاتی پۆلیس و سەرباز شوێنی دام و دەزگا ئایدۆلۆژی و مەدەنییەکانی گرتەوە، وەك ئەوەی جیهان گەڕابێتەوە بۆ دەسەڵاتە هەڕەمییە پاشایەتییەکانی سەدەی هەژدە.**

لێرەوە ئیشی دەسەڵات لە خۆرهەڵات ئەوەیە دێت کۆمەڵگەیەك دروست دەکات، هەم بازاڕێکی گەورەی کاڵاو مەسرەفگەری بێت، هەم دام و دەزگای خۆی لەسەر فۆرمی دەزگای مۆدێرن دروست بکاتەوە، لەم دۆخەشدا مۆدێرنە لەوە دەکەوێت دەسکاری (جیهانبینی) یان دەسکاری بوونیادی ناوەکی کۆمەڵگە و سیستمی بەرهەمهێنان بکات[1]. بۆیە دەبینین لە ڕۆژهەڵات (کوردستانیش) دام و دەزگاکان وەك کەوڵ و فۆرم مۆدێرنن، بەڵام هیشتا میکانیزمە خێڵەکی و کۆنەپارێزەکان وەك جەوهەر لە ناوەوەڕا کاران، کەرەستە مۆدێرنەکان هەن، بەڵام بە تەنیشت پاشماوە کاریگەرەکانی خێڵەوە[2]. بۆ نموونە لە سیاقێکدا بەختیار عەلی پێوایە: زانکۆ شوێنی بەرهەمهێنانی نوخبەیەکە (وەك پسپۆڕی و جیهانبینی) لە خەڵکە ڕەشۆکییەکە جیا نەبۆتەوە، پێگە زانستییەکەی هەڵاوێردی ئەکادیمی نەبۆتە هۆی دابڕان لەگەڵ تێڕوانینی گشتیدا، هەر خورافەتێکی سیاسی و دینی و ئاکاری لەناو هەرە توێژە نەخوێنەوارەکاندا بڵاو بێت، لەنێو خوێندکار و مامۆستاکانیشدا بەربڵاوە. ئەمە جگە لەوەی ئەوەی ناوی ئەکادیمیایە هەر فراوانبوونی پنت و کایەی سیاسییە لەژێر دەمامکی زانست و ئەکادیمیەتدا درێژە بەخۆی دەدات[3].

هەروەها جگە لە گرفتی بوونیادی نەبوونی هوشیاری چینایەتییە لای کادیر و مامۆستانی زانکۆ، بەڕای ئێمە یەکێکە لە گرفتە جەوهەرییەکان، کە نەك لە ئاستێکی زۆر نزمدایە تا ئاستی نەبوو، بەڵکو وەك لە سەرەوە باسکراوە هەر درێژکراوەی ئەو چینە سیاسییە ئیگۆیستانەیە، کە لە سەرەوەی هەرەمەکە حوکم دەکەن، هێشتا جەماوەر و خەڵکە ڕشۆکیەکە، کە بەختیار عەلی لە ڕووی مەعریفییەوە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆدا لەیەك تای تەرازوودا دایناون، زۆر لە مامۆستاکانی زانکۆ هوشیارتر و ئاکتیڤترن، چونکە هیچ نەبێت دەرکی ئەو نادادی و ستەمکاریانە دەکەن، کە دەسەڵات دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدات و لانی کەم وەك ئەکادیمییەکان ز مامۆستای زانکۆکان (کەمەکێکیان نەبێت) بەشێکیش نین لە بوونیادە سیاسی و ستەمکارییەکانی دەسەڵاتی کوردی.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.ل32-33

[2] وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل83.

[3] بەختیار عەلی، زنجیرەکانی دۆنکیشۆت، ل.ل25-31

هەڵبەتە پێشکەوتنی زانستەکان و مۆدێرنیزاسیۆن تەنها لەیەك خاڵەوە بۆ ئێمە گرنگە، **گەر بە چاوێکی مارکسیانەوە لێی بڕوانین، بڕینی قۆناغێکە بەرەو هوشیاری زیاتری چینایەتی و خەمی هاوبەش و دژ بە دکتاتۆریەتی دیموکراسی فۆرماڵی بۆرژوازی، مارکسیش لە سیاقێکدا ستایشی ئەو دۆخەی کردووە کە کۆمەڵگەی فەرەنسی لە بەرەبەیانی شۆڕشی فەرەنسیدا خۆیان تێدا بینیوەتەوە، کە مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر کەلاکی داڕزاوی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بوونیاد ئەنرێت، چونکە دواجار قۆناغێکە بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئیشتراکییەت، ئەوەتا لەم بارەیەوە ئەڵێت: هەتاوەکو مێژووی مرۆڤایەتی نەچێتە نێو ئیشتراکیەتەوە، ئەوا مرۆڤایەتی لە پێش مێژوودا و لە سەردەمی بەربەریەتدا ئەژی. بۆیە مۆدێرنە و هوشیاری زانستی لە دونیای ڕەق و پتەوی ئێمەدا پێویستە وەك ئەگەری نوێ و وەك هوشیاری نوێی چینایەتی پێشوازی لێ بکرێت، بەتایبەت لە کاتێکدا، کە زانست لێرە هێشتا سەکۆیەکی سەربەخۆ و ڕاشکاوی خۆی نییە، کە دژبەری و ئەنتاگۆنیزم لەگەڵ ئەو دۆگمە کولتووری و ئەفسونە ڕەق و پتەوەدا دروست کردبێت.**

***تێبینی:ئەم بابەتە بەرکولێکی زۆر کەمە لە توێژینەوەیەکی چڕ و گەورەتر دەربارەی: ئایدۆلۆژیا، سەرمایەداری ـ دەوڵەت، لیبرالیزم ـ نیولیبرالیزم، کۆمۆنیزم، شۆڕش، بەدیل ـ ڕەهەندییەکان.**

*تێبینی: ئەو سەرچاوانەی لێرە کەم تا زۆر سودی لێوەرگیراوە، زۆر جار دەسکاری زمانەکەی کراوە تا لەگەڵ نێوەڕۆکی نوسینەکەو ئایدۆلۆژیاکەی نێویدا بگونجێت.

***سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

***بە کوردی:**


- [1]ئارکۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان، هاشم ساڵح، و: شوان ئەحمەدا،چ2،سلێمانی،2008.
- مۆدێرنە لە چەند تەوەرەیەکدا، وەلید عومەر، چەپ و مۆدێرنە، کتێبی چوارەم،سلێمانی،2019.
- مەریوان وریا قانیع، دەسەڵات و جیاوازی،ئەندێشە،چ3،سلێمانی، 2013.
- بەختیار عەلی ، ئیمان و جەنگاوەرانی، چاپخانەی ڕەنج، چ1، سلێمانی ، 2004.
- هربێرت مارکۆزە، مرۆڤی تاکڕەهەند، و: ناجی ئەفراسیاو، کارزان عەزیز،سلێمانی ، 2020.
- بەختیار عەلی، دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ،ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2022.
- بنەڕەتەکانی فەلسەفە، حەمید عەزیز،ئەندێشە،چ2، سلێمانی، 2009،.
- مەسعود محمەد، مرۆڤ و دەوروبەر،هەولێر، 2016.
- بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست،ناوەندی رەهەند، سلێمانی، 2019.
- تەنگەژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی، و:شوان ئەحمەد،ئاوێنە، سلێمانی،2007.
- نامەکەی ژیژەك بۆ نادیا،و: ئەرسەلان ئەفراسیاو،12 دیسمبەری 2013.
- هاشم ساڵح :ئەوانەی زەمینەیان بۆ ڕۆشنگەری خۆشکرد، و: شوان ئەحمەد، سەردەم، ژمارە (47-48) ، سلێمانی، 2006.
- ژان بۆدریار،چۆن تا ئیستا هەموو شتێك ئاوا نەبووە،و: وەلید عومەر، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی،2019.
- سلوتەردایك لە نزیکەوە، بەکر عەلی ئسماعیل، حەمە ئەمین،سەردەم، سلێمانی،2015.
- تۆنی مایەرز، فەلسەفەی سلاڤۆی ژیژەك،و: وەلید عومەر،چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2014.
- کارل مارکس فریدریك ئەنگڵس، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست،و: پێشڕەو محەمەد، چاپخانەی تاران،سلێمانی،2016.
- کۆمەڵێك نووسەر، ئێمەو مۆدێرنە،و: فەرشید شەریفی، سەردەم،2009.

- بەختیار عەلی، زنجیرەکانی دۆنکیشۆت،ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی،2021.
- محەمەد فەریق حەسەن، مێنتەڵێتی خێڵ،چاپخانەی ئاراس،چ1، هەولێر،2008.

***بە عەرەبی:**

- عبدالرحمن بن حسن الجبرتي، عجائب الآثار فى التراجم والأخبار، مطبعة دار الكتب المصرية ،5 اجزاء، قاهرة، 1997.
- رفاع الرافع الطهتاوي،تخليص الابريز في تلخيص باريز،مؤسسة هنداوی،بدون سنة طبع، چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە سالی 1834 بووە.
- عبد الرزاق عيد، أمام الحداثة والدستور، معهد الدراسات الستراتيجية، بيروت،2006.
- برهان غليون، اغتيال العقل-محنة الثقافة العربية بين السلطة والتبعية،مكتبة مدبولى،1990.
- شكيب ارسلان،لماذا تآخر المسلمون ولماذا تقدم غيرهم،ط2،لوزان،1930.
- لإمام الذهبي، في السيرة 4/343،كتاب الاحكام السلطانية(كتاب الفتوح)
- د.طيب تيزي،مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط،ط1،دمشق،1971.
- حسن مروة، النزاعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية،ج1،بيروت،1988.
- https://www.mandaeanunion.org/ar/arts/arts/item/1966-فاوست-نموذج-الإنسان-الساعي-الى-القوة-اوالكمال-عزيز-عربي-ساجت-aziz-sajet-فنون.

***بە ئینگلیزی:**

- Buman.Z.Modernity and the Holocaust,Oxford,polity,1989